لەبڵاوکراوەکانی سایتی ئیمان وەن
WWW.IMAN1.COM

# بەشی پاککردنەوە (الطَّهَارَة)

## جۆرەکانی ئاو ( أَقْسَامُ المِيَاه )

**ئاو پاکە وپاك کەرەوەیشە [١] ، تاوەکو شتێکی پیسی تێکەڵ دەبێ ڕەنگی یان تامی یان بۆنی دەگۆڕێت ، ئەوە لەو حاڵەتەدا لەپاکی و پاك کەرەوەیش دەری دەکات [٢] وەیان شتێکی پاکی تێکەڵ ببێ ڕەنگی یان تامی یان بۆنی بگۆڕێت ، ئەوە لەو حاڵەتەدا تەنها لە پاك کەرەوەیی دەری دەکات [٣]**

---

(١) هیچ جیاوازیەك نیيە لە نێوان زانایاندا کەوا پاکەو پاك کەرەوەیشە ، خوای گەورە لە سورەتی (الانفال :١١) دا دەفەرمێ: ﴿ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُمْ مِنَ السَّمَآءِ مَآءِ لِيُطَهِّرَكُمْ بِهِ ﴾.. واتە : خوای گەورە لە ئاسمانەوە ئاوتان بە سەردا دادەبەزێنێت بۆ ئەوەی پاکتان بکاتەوە پێی . وە لەم بارەیشەوە فەرموودەی زۆر هەیە بڕوانە [البخاری (٢/٢٢٧-مع الفتح) ومسلم (٥/٩٦بشرح النووی) وأبوداود (١/١٥٣/ ٨٣) والترمذی (١/٤٧/ ٦٩) وإبن ماجة (١/١٣٦/٣٨٦) وغيرهم ] .

(٢) بە بەڵگەی یەکڕایی ( إِجْمَاع )ی زانایانی ئیسلام ، بڕوانە [الاجماع لابن منذر ل ٣٣ و(مختصر بدر المنير ل١٨) و((البحر للمهدی ٣١/١) و (المجموع) للنووی١/١١٠) و(المغنی لابن قدامة ٥٣/١)].

(٣) شتی پاك وەکو ماست و سابون وهەوير و ئەو شتانەی کە زۆربەی جار تێکەڵ بەئاو نبن، ئەگەر تێکەڵ ببن بەئاو لەناوی ئاوی ڕووت دەری کات وەك پێی بوترێت ماستاو یان سابوناو ئەوە ئاوەکە لە پاك کەرەوەیی دەر دەکات بەڵام هەر بەپاکی دەمێنێتەوە واتە : ئەگەر بدات لەلاشەو جل و بەرگ پێویست ناکات بیشۆریت . بەڵام غوسڵی پێ ناکرێت و دەست نوێژی پێ ناگیرێت . ئەمە بۆ ئەو شتانەی کە زۆربەی جار تێکەڵ بە ئاو نین ، بەڵام ئەو شتانەی کە زۆربەی جار (عَادَة) وایە تێکەڵن لە گەڵ ئاودا وەك قەوزە ، ئەوە با ڕەنگ یان تام یان بۆنیشی بگۆڕێت هەر پاکەو پاك کەرەوەیشە .

**تێبینی:** ئەو شتە پاكانەی كە زۆر بەی جار تێكەڵ بە ئاو نین ، ئەگەر تێكەڵ ببن بەڵام زۆر نەبوو ئەوە هیچ كاریگ ناكاتە سەر پاك كەرەوەیی ئاوەكە با بۆنیشی بگۆڕێت.

## جا هیچ جیاوازیەك نییە ئەگەر ئاوەكە زۆر بێت یان كەم [٤]، راوەستاو بێت یان رێ بكات [٥]، بە كارهێنراو بێت یان بە كار نەهێنراو [٦].

لە بەر فەرموودەكەی (أُمُّ عَطِيَـةُ الأَنْـصَارِيَة) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژورەوە كاتێك كە كچەكەی وەفاتی كردبوو ، جا فـەرمووی :(( **إغْسِلْنَها ثَلَاثاً أَوْ خَمْساً أَوْ أَكْثَرْ مِنْ ذَلِكَ إِنْ رَأَيْتُنَّ ، بِمَاءٍ وَسِدْرٍ واجْعَلْنَ فِي الآخِرَةِ كَافُوراً أَوْ شَيْئَاً مِنْ كَافُورِ** )) واتە: **بیشۆنەوە سێ جار یان پێنج جا یان زیاتر لەوە ئەگەر بە باشتان بینی ، بە ئاو و(سِدْر) وە دواین جاریش (گافُور)ی تێكەڵ كەن یان هەندێك لە (گافُور)**... [ رواه البخاری (٣/١٢٥/ ١٢٥٣) ومسلم (٢/٦٤٦/ ٩٣٩) ].

( ٤ ) لەم مەسەلەیەدا كە ئاو پاكەو پاك كەرەوەیە تا شتێكی پیسی تێدەكەوێت رەنگی یان تامی یان بۆنی دەگۆڕێت ئەوە لەو كاتەدا پیس دەبێت یان شتێكی پاكی تێبكەوێت لە ناوی ئاوی رووت دەریكات ئەوە لە پاك كەرەوەیی دەری دەكات ، ئا لەم بنەرەتەدا جیاوازی نیە ئیتر ئاوەكە كەم بێت یان زۆر . بۆ زیاتر دڵنیا بوون لەم باسە بروانە [(شَرْحُ السُّنَّة)للبغوی (٢/٥٩) و(نیل الاوطار) للشوكانی(١/٣٠) و(جَوهَرُ النَّقِي) لابن التركمانی‌الذی بذیل السنن الكبری للبیهقی (١/٢٥٦) ].

( ٥ ) بەهەمان شێوە لەو بنەرەتەی پێشوو دا جیاوازی نیە ئەو ئاوە رێ بكات یان رێ نەكات ، بۆ دڵنیا بوونیش لەمە بروانە [(احكام الاحكام ) لابن دَقيقِ العِيد (١/٢١) و (المُحَلى)لإبْنُ حَزم (١/١٨٤)].

( ٦ ) ئاوی بەكارهێنراو ئەو ئاوەیە كە دەست نوێژی پێ گیرا بێت یان غوسلی پێ كرا بێت ، بەڵگەی (تَأْثِيْر) نەكردنی لە سەر (قَاعِدَة)كەمان فەرموودەكەی (جَابِر)ە (خوای لێ رەزای بێت) ، كەوا فەرمووی : (( **جَاءَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) يَعُوْدُنِي وَأَنَا مَرِيْضٌ لاَ أَعْقِلُ فَتَوَضَّأَ وَصَبَّ عَلَيَّ وُضُوْءَهُ** )) واتە: رۆژێك تووشی نەخۆشی‌یەك هاتم بێ هۆشی خستم ، جا پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) سەردانی كردم ، و دەست نوێژی گرت و ئاوی دەست نوێژەكەی بەسەرم دا كرد [رواه البخاری (١/رقم/١٩٤) ومسلم (٣/١٢٣٢/ ١٦١٦)].

ئەمە بەڵگەی پاکی ئاوی بە کارهێنراو ، وە بەڵگەی پاك کەرەوەیشی فەرموودەکەی (رُبَيِّعُ بِنْتُ مُعَوِّذ)ە (خوای لێ ڕەزای بێت)فەرمووی: (( **أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) مَسَحَ بِرَأْسِهِ مِنْ فَضْلِ مَاءٍ كَانَ فِي يَدِهِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەسحی سەری کرد بەپاشماوەی ئەو ئاوەی کە بە دستیەوە بوو [رواه ابوداود١( /٩١ /١٣٠ ) وهو حديث حسن ، بروانه الروضة الندية تحقيق محمد صبحي حلاق (١/ ٦٨)] .

# ئەو شتانەی کە پیسن
# (النَّجَاسَات)

## ئەوانەی پیسن(٧) ، پاشەڕۆ (٨) ومیزی مرۆڤ بە گشتی (٩) وپاش میز (١٠) و(مَذي) (١١)

(٧) کە پێویستە مرۆڤ خۆی لێ پاك بکاتەوە ئەگەر لە لاشەی یان لە جل وبەرگی دا.

(٨) لە بەر فەرموودەکەی (أبُو سَعيدُ الخُدْري) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( **إذَا جَاءَ أَحَدُكُمُ المَسْجِدَ فَلْيُقَلِّبْ نَعْلَيْهِ وَلْيَنْظُرْ فِيهِمَا فَإنْ رَأَى خُبْثاً فَلْيَمْسَحْهُ بِالأَرْضِ ولْيُصَلِّ فِيْهِمَا** )) واتە: هەر یەکێکتان ئەگەر هاتن بۆ مزگەوت ، ئەوە با (نَعْل)ەکانی دیواودیو بکاتەوە وتەماشای کات ، ئەگەر پیسیەکی پێوە بینی ، با بە زەویدا بیساوێت ، پاشان نوێژی بکات [رواه الإمام أحمد) (٣/٢٠) وأبوداود (٢/٢٥٣) مع العون وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبى داود (٦٠٥) ].

(٩) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پیاوێکی دەشتەکی لە مزگەوتدا هەستا میزی کرد ، جا خەڵکی پەلاماریان دا ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: (( **دَعُوهُ وَهَرِيْقُوا عَلَى بَوْلِهِ سَجْلَا مِنْ مَاءٍ – أَوْ ذَنُوْبَاً مِنْ مَاءٍ – فَإنَّمَا بُعِثْتُمْ مُيَسرِيْنَ وَلَمْ تُبْعَثُوا مُعَسرِيْن** )) واتە: وازی لێ بهێنن ، پاشان سەتڵێك ئاو بکەنە سەریدا ، ئێوە نێرراون بۆ ئەوە سووك کەرەوە بن نەك توند و گران کەرەوە [رواه البخاری (٢٢٠/٣٢٣/١) وغيره].

بەڵام مێزی کوڕی شیرە خۆر (عَفُو)ی لێ دراوە لە شەرعدا ، لە بەر فەرموودەکەی (أُم قَيْس بِنْت مُحْصِن ) (خوای لێ رازی بێت) (( **أَنَّهَا أَتَتْ بِإِبْنٍ لَهَا صَغِيْرٍ لَمْ يَأْكُلِ**

**الطَّعَامَ إِلَى رَسُوْلِ اللهِ** (ﷺ) **فَأَجْلَسَهُ رَسُوْلُ اللهِ** (ﷺ) **فِي حِجْرِهِ ، فَبَالَ عَلَى ثَوْبِهِ ، فَدَعَا بِمَاءٍ فَنَضَحَهُ وَلَمْ يَغْسِلْهُ** )) واتە: کەوا کوڕێکی بچوکی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە – هێشتا – خوادنی نەدەخوارد ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە باوشی خۆیدا داینا جا میزی کردە سەر جل وبەرگەکەیدا ، جا ئەویش داوای ئاوی کرد و پێی ئاو پەرژێنی کرد ونەیشۆرد [(رواه البخاری (١/رقم/٢٢٣) ومسلم (١/رقم/ ٢٢٧)].

وەهەوەها لەبەر فەرموودەکەی (أَبِي السَّمْحِ)ی خزمەت کاری پێغەمبەر (ﷺ) کەوا: (حَسَن) یان (حُسَين) میزیان کردە سەر سینگی پێغەمبەردا (ﷺ) ، منیش هاتم بیشۆم، ئەویش فەرمووی: (( **يُغَسَّلُ مِنْ بَوْلِ الجَارِيَةِ ويُرَشُّ مِنْ بَوْلِ الغُلامِ** )) واتە: میزی کچ دەشۆرێت بەڵام میزی کوڕ ئاو پرژێن دەکرێت [ رواه أبوداود (٢/٢٣٢/٣٧٦) والنسائی (١/١٥٨/٣٠٤) وابن ماجة (١ / ١٧٥ / ٢٢٦ ) وغيرهم وقال إبن حجر في التخليص (١/٥٠) وحسنه البخاری ، وە بروانە صحيح النسائی (٢٩٣)].

(١٠) بە بەڵگەی یەکڕایی (الإِجْمَاع) زانایان ، بروانە (المَجْمُوع) لِلنَّوَوِي (٢/٥٥٢).

(١١) (مَذِي): ئاوێکی ڕۆشنی سپی لیقە لەکاتی بیرکردنەوە لەجووت بوون (جِمَاع) دەردەچێت بەبێ ئەوەی هیچ هەستێکی پێ بکرێت، ئەم ئاوەیشە پیسە لەبەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەپرسیاری لەپێغەمبەر (ﷺ) کرد ئەویش پێی فەرموو: (( **تَوَضَأْ وَاغْسِلْ ذَكَرَكَ** ))واتە: دەست نوێژ بگرەوە و (ذَکَر)ت بشۆ – واتە: تارات بکە پاشان دەست دەست نوێژ بگرە [رواه البخاری (١/٢٣٠/١٣٢) ومسلم (١/٢٤٧/٣٠٣) وللفظ لە].

**وخوێنی حەیزو زیسانی** [١٢] **وئاژەڵی مردارەوە بوو** [١٣] **ولیکی سەگ** [١٤] **وپاشەڕۆ ومیزی ئاژەڵێ گۆشتی نەخورێت** [١٥]

(١٢) خوێنی حەیز پیسە، لەبەر فەرموودەکەی (أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبي بَكْرٍ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا ئافرەتێك پرسیاری لەپێغەمبەری خوا کرد (ﷺ) : ئایا ئەگەر یەکێکمان خوێنی حەیز دای لەجل و بەرگەکەی چی بکات؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : (( **إِذَا أَصَابَ ثَوْبَ إِحْدَاكُنَّ الدَّمُ مِنَ الحَيْضَةِ فَلْتَقْرُصْهُ ثُمَّ لِتَنْضَحْهُ بِمَاءٍ ثُمَّ لِتُصَلِّي فِيْهِ** )) واتە: ئەگەر یەکێکتان خوێنی حەیز دای لە جل وبەرگەکەی ئەوە بیوەرێنێت پاشان بیداتە دەستدا جا ئاوی پێدا بکات وپاشان نوێژی پێوە بکات [رواه البخاری (١/٤١٠/٣٠٧) ومسلم (١/٢٤٠/٢٩١) و اللفظ لە].

وە خوێنی زەیسانیش هەر خوێنی حەیزە کۆبوەتەوە لە ماوەی سك پڕی ئافرەتدا

**تێبینی** : ئەگەر خوێنەكە شوێنەواری هەرمایەوە پاش شۆردن ، ئەوە هیچ زیانێكی نییە ، لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت): كەوا (خَوْلَةُ بِنْتُ يَسَارٍ) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ، من تەنها یەك جل و بەرگم هەیە ، وە بەو جلەیشەوە تووشی حەیز دەبم ؟ پێغەمبەری خوا یش (ﷺ) فەرمووی: ((**فَإِذَا طَهُرْتِ فَاغْسِلِي مَوْضِعَ الدَّمَ ثُمَّ صَلِّي فِيْهِ** )) واتە: جا ئەگەر پاك بوویتەوە ئەوە شوێنی خوێنەكە بشۆ ، پاشان نوێژی پێوەبكە ، ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر شوێنەواری هەر مایەوە ؟ فەرمووی: (( **يَكْفِيْكَ المَاءُ ولا يَضُرُّكَ أَثَرُهُ** )) واتە: تەنها ئاووت بەسە و شوێنەواری هیچ زیانێكت پێ ناگەیەنێت [رواه أبو داود (٢/٢٦/٣٦١) والبيهقي (٢/٤٠٨) وهوحديث صحيح بروانە صحيح أبي داود (٣٥١)].

(١٣) لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت)، كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمووی: ((**إِذَا دُبِغَ الإِهَابُ فَقَدْ طَهُرَ** ))واتە: ئەگەر پێست خۆشە بكرێت پاك دەبێتەوە ، كاتێك كەدای بەلای كاوڕێكی (مَيْمُونَة)دا مردار بووبووەوە ئەویش فەرمووی : (( **أَلاَ انْتَفَعْتُمْ بِإِهَابِهَا** ؟ )) واتە: ئایا بۆ سوود لە پێستەكەی وەرناگرن ؟ جا ئەم فەرموودەی فەرموو [الحديث رواه مسلم (١/٢٧٧/ ٣٦٤، ٣٦٦) وغيره]. جا ئەمەش بەلگەیە كە مردارەوە بوو پیسە ، بۆیە پێستەكەی بەخۆشەكردن پاك دەبێتەوە.

(١٤) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **طَهُورُ إِنَاءِ أَحَدِكُمْ إِذَا وَلَغَ فِيْهِ الكَلْبُ أَنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَاتٍ أُوْلاهُنَّ بِالتُّرَابِ** ))واتە: ئەگەر سەگ دەمی خستە ناو قاپی هەریەكێكتانەوە ، با چی تێدایە بیرێژێت پاشان حەوت جار بیشوات جاری یەكەمیان بە خۆڵ [رواه مسلم (١/٢٣٤/٩١) وغيره].

(١٥) لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ مَسْعُود) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو دەست بە ئاو بگەیەنێت ، جا فەرمانی پێ كردم سێ بەردی بۆ بێنم ، منیش دوو بەردم دۆزیەوە و بە داوی سێیەمیاندا گەڕام نەبوو ، جا تەرسەقولێكم بۆ هێنا پێغەمبەری خوایش هەردوو بەردەكەی لێ وەرگرتم و تەرسەقوولەكەیشی فڕێدا و فەرمووی: (( **هَذَا رِكْسٌ** )) واتە: ئەمە پیسە [رواه البخاري (١/٢٥٦/١٥٦) وغيره].

**و گۆشتی بەراز [١٦] جگە لەمانە هەمووشتێكی تر پاكە [١٧].**

## چۆن پیسی پاك دەكرێتەوە

## ( كَيْفَيَة تَطْهِيْر النَّجَاسَة )

**شتی پیسی بە شۆردن پاك دەبێتەوە [18]، بە شێوەیەك هیچ شوێنەوارێكی ئەو پیسییەی پێوە نەمێنێت [19]، وە ئەمە بنەڕەت(الأَصْل) ە لە پاك كردنەوەدا هیچ جێگەی ناگرێتەوە مەگەر بە بەڵگەی شەرعی [20]،**

(١٦) لە بەر فەرموودەكەی خوای گەورە لە سورەتی (الأنعام آية: ١٤٥) دا كە دەفەرمێ: ﴿ أَوْ لَحْمَ خِنْــزِيْرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ﴾ واتە: یان گۆشتی بەراز كە بەڕاستی پیسە .

(١٧) چونكە لە بنەڕەت(الأَصْلُ)دا هەمووشتێك پاكە(الأَصْلُ فِـي الأَشْيَاءِ الطَّهَـارَة) وە نابێت بە هیچ شتێك بووترێت پیسە مەگەر بە بەڵگەی شەرعی ، وە ئێمەش جگە لەوانەی كە باسمان كرد هیچ بەڵگەیەكی ڕاستمان نییە لە سەر پیسێتی هیچ شتێكی‌تر ، وە ئەوبەڵگانەی كە هەندێك زانا دەیهێننەوە بۆ سەلماندنی پیسێتی شتی تر — وەك : (مَنِـي) وخوێن و بێباوەڕ(مُشْرِك) و .. — یان ڕاست نین ، یان ئەو واتایە ناگەیەنن ، بڕوانە [ الأدلة الرضية (ل٢٣ — ٢٥) ] ، كە بە كورتی لەوێدا باسی كردوە .

(١٨) بەوەی بە ئاو بیشۆریت وەك لە شەرعدا هاتووە ، وەك فەرموودەكەی (أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْر) بڕوانە (پ ١٢).

(١٩) شوێنەواریش ، ڕەنگ و بۆن و تامە ، چونكە بەوانەدا دەناسرێت ، كاتێك كە ئەوانەی نەما ئەوە ئەو پیسییە پاك دەبێتەوە ، كاتێك ئەگەر توانا هەبوو لابرێت ، بەڵام ئەگەر پاش هەوڵ دانیش هەر پاك نەبوویەوە ، وەك ڕەنگی خوێن ، ئەوە لەو كاتەدا شەرع لێی دەبووڕێت وەك باسمان كرد ، بڕوانە تێبینی سەر (پ ١٢) .

(٢٠) ئاو (أَصْل)ە لە پاك كردنەوەدا بە بەڵگەی زۆر ، لەوانە فەرموودەی: ((**إِنَّ المَاءَ طَهُورٌ لا يُنَجِّسُهُ شَيْء**)) [رواه ابوداود (١/١٢٧/٦٧) والترمذی (١/٤٥/٦٦ ) والنسائی (١/١٧٤) وصححه الألبانی في الإرواء (١٤)].

وە ئەوەیشی كە شەرع ڕێگای پێداوە ، پاك كردنەوەی پێڵاو بە ساویینی بەزەویدا ، لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْد) لە(پ٨) ، وە پاك كردنەوەی پاینی درێژی جل وبەرگی ئافرەت ، لە بەر فەرموودەكەی (أُمُّ سَلَمَة) كەوا ئافرەتێك پرسیاری لێ كرد لە بارەی جل وبەرگەكەیەوە كە درێژەو بەزەویدا دەخشێت وە بە سەر شوێنی پیسیشدا تێپەڕ دەبێت ؟ جا ئەویش فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **يُطَهِّرُهُ مَا بَعْدَهُ** )) واتە: پاشی خۆی پاكی دەكاتەوە [رواه ابو داود (٢/٤٤/٣٧٩) والترمذي (١/٩٥/١٤٣) و إبن ماجه (١/١٧٧/٥٣١) وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح إبن ماجة (٤٣٠)].

وە ئەوەی بە شۆردن نەتوانرێت پاك بكرێتەوە ئەوە یان ئاوی بە سردا دەكرێت (٢١) وە یان ئاوی لێ هەڵدەكێشرێت (دەردەكەرێت) تا شوێنەواری پیسیەكە نامێنێت (٢٢)، وەهەروەها گۆڕانی شتێكی پیس بۆ شتێكی پاك، خۆی پاك بوونەوەیە (٢٣).

# دەست بە ئاو گەیاندن

## (قَضَاءُ الحَاجَة)

پێویست(وَاجِب)ە لە سەر ئەو كەسەی دەست بە ئاو دەگەیەنێت دوور بكەوێتەوە تا كەس چاوی لێ نەبێت (٢٤) ، وە لەو شوێنانەدا دانەنیشێت كە لە شەرعدا قەدەغەی لێ كرا بێت (٢٥) ،

(٢١) وەك فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة)(خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٩).

(٢٢) وەك بیر ، ئەگەر شتێكی پیسی تێ بكەوێت ، ئەوە شتە پیسەكە دەر دەكرێت ، پاشان لە ئاوەكەی هەڵدەكێشێت تا ڕەنگ و تام و بۆنی پیسێكە نامێنێت .

(٢٣) وەك گۆڕانی پیسی مرۆڤ بۆ خۆڵ ، ئەگەر پاشەڕۆی مرۆڤ ماوەیەكی بە سەردا ڕۆیی وگۆڕا و بوو بە خۆڵ ، ئەوە ئەو خۆڵە پیس نییە ، چونكە ئێستا خۆڵە ، وە خۆڵیش پاكە ، بۆ زیاتر تێ گەیشتن لەم مەسەلەیە بڕوانە[ (سَيْلُ الجَرَّار) ی ئیمامی (شَوكَاني) (٥٢/١)].

(٢٤) لە بەر فەرموودەكەی (جَابِر) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی (( **خَرَجْنَا مَعَ رَسُوْلِ الله (ﷺ) فِي سَفَرٍ ، وكَانَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) لاَ يَأْتِي البَرَازَ حَتَّى يَتَغَيَّبَ فَلاَ يُرَى** )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچووین بۆ سەفەرێك ، وە پێغەمبەری خوا هەرگیز دەستی بە ئاو نەدەگەیاند تا تەواو وون دەبوو وكەس نەیدەبینی [ رواه أبوداود (٢/١٩/١) وإبن ماجة (١/رقم/٣٣٥) وهذا لفظه وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبو داود(٢) وصحيح إبن ماجة (٢٦٨) بنحوه ].

*تێبینی :*

دروستە كەسێك ئەگەر بە تەنها میزی كرد دوور نەكەوێتەوە ، بە مەرجێك عەورەتی نەبینرێت ، لە بەر فەرموودەكەی (حُذَيْفَةُ بْنُ اليَمَان) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەمووی: (( **كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ ( ﷺ) فَانْتَهَى إِلَى سُبَاطَةَ قَوْمٍ ، فَبَالَ قَائِمَاً فَتَنَحَّيْتُ فَقَالَ: أُدْنُهْ ، فَدَنَوْتُ حَتَّى قُمْتُ عِنْدَ عَقِبَيْهِ ، فَتَوَضَّأَ ، فَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ** )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووم جا گەیشتە سەر زبڵكوان(شیو)ی قەومێك ، بە پێوە میزی كرد

، جا منیش سەرم داخست ، ئەویش فەرمووی نزیك بەرەوە ، منیش نزیك بومەوە لێی تا لە پشتێوە ڕاوەستام ، جا دەست نوێژی گرت و مەسحی لە سەر خوففەكانی كرد [ رواه مسلم (٢٧٣/٢٢٨/١) والترمذی (١٣/١١/١) والبخاری (٢٢٥/٣٢٩/١) وبقية الجماعة ].

وە (إبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەیفەرموو: (( **أَنَّ النَّبِيَ** (ﷺ) **كَانَ إِذَا أَرَادَ الحَاجَةَ لَمْ يَرْفَعْ ثَوْبَهُ حَتَّى يَدْنُوَ مِنَ الأَرْضِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ویستی دەست بە ئاوگەیاندنی ببوایە ، جلەكانی بەرز نەدەكردەوە تا نزیك دەبوویەوە لەزەوی – بۆ ئەوەی عەورەتی نەبینرێت – [رواه أبوداود (١٤/٣١/١) ، والترمذی (١٤/١١/١) من حديث أنس وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود(١١) والسلسلة الصحيحة(١٠٧١) وصحيح الجامع (٤٦٥٢)].

(٢٥) لەوانە فەرموودەكانی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِتَّقُوا اللاَّعِنَيْن** )) واتە: خۆ بپارێزن لەو دوانەی كە دەبنە هۆی نەفرەت (لَعْنَة)لێ كردنی خەڵكی ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئەو دووشتە چین كە دەبنە هۆی نەفرەت ؟ ئەویش فەرمووی : (( **الَّذِي يَتَخَلَّى فِي طَرِيْقِ النَّاسِ أَو فِي ظِلِّهِم** )) واتە: ئەوەی لە ڕێگای خەڵكیدا دەست بە ئاو بگەیەنێت یان لە سێبەریان دا _ كە تێیدا دادەنیشن وپشوو دەدەن _ . [رواه مسلم (٢٦٩/٢٢٦/١) وأبوداود (٢٥/٤٧/١)، وفي رواية لأبى داود (٢٦/٢٨/١) وإبن ماجه (٣٢٨/١١٩/١) وغيرهما ، عن (مُعَاذُ بنُ جَبَل) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( **إِتَّقُوا المَلاعِنَ الثَّلاث ، البَرازُ فِي المَوَارِد ، وقارِعَةِ الطَّرِيْقِ ، والظِّلُّ** )) واتە: خۆتان لەو سیانە بپارێزن كە دەبنە هۆی نەفرەت (لَعْنَة)لێ كردنی خەڵكی: دەست بە ئاوگەیاندن لە شوێنی ئاو هێنانی خەڵكی و لە سەر ڕێگای خەڵكی و لە سێبەر دا ].

**وە ڕوو لە قیبلە نەكات وپشیتشی تێ نەكات [٢٦]، وە پێویست(وَاجِب)ە خۆ پاك كردنەوەكە بە سێ بەرد كەم تر نەبێت ، یا هەرشتێك جێگەی بەرد بگرێتەوە ، بەمەرجێك قەدەغەیشی لێ نەكرابێت ، وە بە دەستی ڕاستیش خۆی پاك نەكاتەوە [٢٧]،**

---

وە فەرموودەكەی (جَابِرُ بنُ عَبْدالله) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **أَنَّ النَّبِيَّ** (ﷺ) **نَهَى أَنْ يُبَالَ فِي المَاءِ الرَّاكِدِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی كردووە لە میز كردنە ناوی ئاوی ڕاوەستاو دا [رواه مسلم (٢٨١/٢٣٥/١) والنسائي (٣٤/١) وإبن ماجه (٣٤٣/١٢٤/١)].

وە فەرموودەكەی (حُمَيْد الحُمَيْري) كەوا فەرمووی: گەیشتم بە پیاوێك هاوەڵێتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) كردبوو وەك چۆن (أَبُو هُرَيْرَة) هاوەڵێتی كردووە ، جاپێی ووتم: ((

**نَهَـى رَسُـوْلُ الله (ﷺ) أَنْ يَمْتَـشِطَ أَحَـدُنَا كُـلَّ يَـوْمٍ ، أَوْ يَبُـوْلَ فِـي مُغْتَـسلِهِ** )) واتــە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی لێ كردین كەوا یەكێكمان هـەموو ڕۆژێـك سـەر شـانە بكـەین یـان میـز بكەینـە ئـەو شـوێنەی كـە خۆمـانی تێدا دەشـۆرین [رواه أبـوداود (٢٨/٣٠/١) والنسائی (٢٣٨/١٣٠/١) وهو حديث صحيح بروانه صحيح النسائی (٢٣٢)].

(٢٦) لـە بـەر فەرموودەكـەی (أَبُـو أَيُّـوب الأَنْـصَارِي) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فــەرمووی: (( **إِذَا أَتَيْـتُمُ الغَـائِطَ فَـلا تَـسْتَقْبِلُوا القِبْلَـةَ وَلا تَسْتَدْبِرُوهَا وَلَكِنْ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا** )) واتە: ئەگەر چوونە سەر ئاو ئـەوە نـەڕوو لـە قیبلـە ونەپشتیشی تی بكەن ، بەڵكو ڕوو لـە ڕۆژهـەڵات بكـەن یـان لـە ڕۆژ ئـاوا ، جـا (أَبُـو أَيُّـوب) دەیفەرموو: كاتێك كـە هاتینـە (شَـام) بینیمـان ئـاو دەسـتەكان ڕوو بـەرەو قیبلـە دروسـت كراوون ، جا ئێمەش لار دەبووینەوە وداوای لێ بوردنمان لە خوای گەورە دەكرد [رواه البخاری (٣٩٤/٤٩٨/١) ومسلم (٢٦٤/٢٢٤/١) وغيرهما].

(٢٧) لە بەر فەرموودەكەی (سَلْمَانُ الفَارِسِي) (خوای لێ رازی بێت) كـەوا پێیـان ووت: ئێـوە پێغەمبەرەكـەتان هـەموو شـتێكی فێـر كـردون تەنانـەت پیـسی كـردنیش ؟ ئـەویش فــەرمووی: (( **أَجَـلْ ، لَقَـدْ نَهَانَـا أَنْ نَـسْتَقْبِلَ القِبْلَـةَ لِغَـائِطٍ أَوْ بَـوْلٍ ، أَوْ أَنْ نَـسْتَنْجِيَ بِاليَمِيْنِ ، أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِأَقَلِ مِنْ ثَلاَثَةِ أَحْجَار ، أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِرَجِيْعٍ أَوْ بِعَظْمٍ** )) واتە: بەڵێ ، بۆ — دەست بە ئاوگەیاندن — پیسی بێت یان میز قەدەغەی لێ كردوین ڕوو لە قیبلە بكەین ، یان بە دەستی ڕاست خۆ پاك بكەینەوە ، یان بە سێ بـەرد كـەمتر خـۆ پـاك بكەینەوە ، یان بە پاشەڕۆ و ئێسك خۆ پاك بكەینەوە _ جا ئیتر ئەو پاشەڕۆو ئیسقانە هـی هەر شتێك بێت هەر دروست نییە _ [رواه مسلم (٢٦٢/٢٢٣/١) والترمذی (١٦/١٣/١) وأبـوداود (٧/٢٤/١) وغيرهم].

وە هەروەها باشتر وایە بـە ئـاو خـۆی پـاك بكاتـەوە ، لـە بـەر فەرموودەكـەی (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی : (( **كَانَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) يَدْخُلُ الخَلاَءَ ، فَأَحْمِلُ أَنَا وَغُلاَمٌ نَحْوِي إِدَاوَةَ مِنْ مَاءٍ وَعَنَزَة ، فَيَسْتَنْجِيَ بِالمَاءِ** )) واتـە: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەچوو بـۆ سـەر ئـاو ، جـا مـن و منـداڵێكی وەك خـۆم ، كوونەیـەك (إِدَاوَة) ئـاوو دار(عَنَـزَه) یەكمان بەدەستەوە دەگرت وبۆیمان دەبـرد جائـەو خـۆی بەئاوەكـە پـاك دەكـردەوە)) [رواه البخاری (١٥٢/٢٥٢/١) ومسلم (٢٧١/٢٢٧/١) والنسائی (٤٢/١) وليس عنده ذكر (العنزة)]

**وە لە پێشدا پەنا بگرێتە خوا [٢٨] وە لە پاشیشدا داوای لێ بووردنی لێ بکەیت[٢٩].**

وە زەکەریشی بە دەستی ڕاستی نەگرێت، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا بَالَ أَحَدُكُمْ فَلا يَمَسَّ ذَكَرَهُ بِيَمِنِهِ وَلا يَسْتَنْجِ بِيَمِنِهِ** )) واتە: ئەگەر یەکێکتان میزتان کرد ئەوە با بە دەستی ڕاستی زەکەری نەگرێت وە خۆیشی بە دەستی ڕاست پاك نەکاتەوە [رواه إبن ماجه (١/١١٣/٣١٠) وهذا لفظه ورواه البخاري (١/٢٥٤/١٥٤) ومسلم(١/٢٢٥/٢٦٧) وغيرهم مطولا ومختصرا].

(٢٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر کاتێك ویستی بوایە بچوایە بۆ سەر ئاو دیفەرموو: (( **اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الخُبْثِ وَالخَبَائِثِ**)) واتە: ئەی خوایە من پەنات پێ دەگرم لە نێرینەی جنۆکە ومێینەکانیان [رواه البخاري (١/٢٤٢/١٤٢) ومسلم (١/٢٨٣/٣٧٥)]. هەروەها سوننەتە لە پێشیدا بلێت (بِسْمِ اللهِ) ، لە بەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **سِتْرُ مَا بَيْنَ الجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَم إِذَا دَخَلَ أَحَدُهُمُ الخَلاءَ أَنْ يَقُولَ بِسْمِ اللَّهِ** )) واتە: پەردەی نێوان (جن) و عەورەتی ئادەمیزاد کاتێك چووە ئاودەستخانەوە ئەوەیە بلێت: (بِسْمِ اللهِ) [رواه الترمذي (٢/٥٩/٦٠٣) وإبن ماجه (١/١٠٩/٢٩٧) وهو حديث صحيح بڕوانە الإرواء(٥٠) وصحيح الجامع (٣٦١١)].

(٢٩) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر دەربچوایە لە ئاو دەستخانە دەیفەرموو: ((**غُفْرَانَكَ**)) واتە: داوای لێ بوردنت لێ دەکەم خوایە [رواه أبوداود (١/٥٢/٣٠) والترمذی (١/٧/٧) وغيرهما وهو حديث حسن بڕوانە الإرواء (٥٢) وصحيح أبي داود(٢٢) وصحيح الجامع (٤٧٠٧)].

## چەند تێبینییەك:

(أ) باش وایە لە کاتی چوونە ژوورەوە بۆ ئاو دەستخانە بە پێی چەپ بچێتە ژوورەوە ، وە لە کاتی دەرچوونیشدا بە پێی ڕاست دەربچێت ، چونکە لە فەرموودە دا هاتووە کەوا لای ڕاست بە کار بهێنرێت بۆ شتی پاك وپیرۆز ، وە لای چەپیش بۆ شتی پیس و بێ ڕێز ، لەو فەرموودانە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤٢) .

(**ب**) هەندێك لە زانایان دەڵێن دروست نییە شتێك لە گەڵ خۆیدا بباتە سەر ئاو کەوا ناوی خوا یان ناوی پێغەمبەری خوای (ﷺ) تێدا بێت ، وە بەڵگەشیان فەرموودەکەی

(أَنَس)ە (خـوای لێ ڕازی بێـت) كـەوا فـەرمووی :(( **أَنَّ النَّبِـيَّ ( ﷺ) لَـبِسَ خَاتَمَـاً نَقَشَهُ مُحَمَّـد رَسُـوْلُ الله ، فَكَـانَ إِذَا دَخَـلَ الخَـلاَءَ وَضَـعَهُ** )) واتــە: پێغەمبــەری خــوا ( ﷺ) موستیلەیەكی لە پەنجەكانی دەكرد (نَقْش)ی (مُحَمَّـد رَسُـولُ اللهِ)ی لـە سـەر كردبـوو ، جـا ئەگــەر بــچوایەتە ســەر ئــاو دایدەكەنــد [رواه أبـو داود(١/رقـم/١٩) والترمـذي(رقـم/٨٨ ،١٧٤٦) وإبـن ماجة(رقم/٣٠٣) والنسائي(رقم/٥٢٢٨)والحاكم وهذا لفظه وقال أبو داود: هذا حديث منكر ، وقال النسـائي: هـذا حـديث غير محفوظ ، وأشار الدار قطني إلى شذوذه ، وصححه الترمذي ، وقال النووي: هـذا مـردود عليـه ، وقـال الحـافظ: إنّـه معلول ، وە بەشی دووەمی فەموودەكە(شیخ ألبانی) (تضعیف)ی دەكات لە(المشكاة:٣٤٣) و(ضـعيف أبـي داود:٤٨) بڕوانە (ضعيف الجامع رقم:٤٣٩٠) ]. جا (حُكْم)ی(شَرْعِي)یش بە فەرموودەی (ضَـعِیْف) دانامـەزرێت ، جا هەتا ئەگەر فەرموودەكە (صَحِیْح)یش بوایە هەر نەدەبوە بەڵگە لـە سـەر ئـەوەی كـەوا حەرامـە شـتێك نـاوی خـوا یـان نـاوی پێغەمبـەری تێـدا ببێـت دروسـت نـەبێت ببرێتـە ئـاو دەستخانەوە ، چونكە ئەوە كاتێك وایە ئەگەر ترسی هەبوو شـتێكی پـیس لێـی بـدات ، جـا ئەگەر ئەو ترسەی نەبوو ، بەوەی لە گیرفانیدا بوو یان لە شوێنێكی تردا ترسی پیس بـوونی نەبوو ئەوە هیچی تێدا نییە ئەگەر بیشی باتە ئاو دەستخانەوە ، وە ئەمـەیش تایبـەت نییـە بە ئاو دەستخانەوە بەڵكو لە هەر شوێنێكی تریشدا هەر نابێت بهێڵێت شتی پیس لێی بـدات .

(ج) میز كردن بە پێوە دروستە ، لە بەر فەرموودەكەی (حُذَيْفَةُ بْنُ اليَمَـان) (خـوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەمووی: (( **كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ ( ﷺ) فَانْتَهَى إِلَى سُبَاطَةِ قَوْمٍ ، فَبَالَ قَائمَاً فَتَنَحَّيْتُ فَقَالَ: أُدْنُهْ ، فَدَنَوْتُ حَتَّى قُمْتُ عِنْدَ عَقِبَيْهِ ، فَتَوَضَّأَ ، فَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ** )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووم جا گەیشتە سەر زبڵكوان(شـیو)ی قـەومێك ، بـە پێوە میزی كرد ، جا منیش سەرم داخست ، ئەویش فەرمووی نزیك بـەرەوە ، منـیش نزیـك بومەوە لێی تا لە پشتێوە ڕاوەستام ، جا دەست نوێژی گرت و مەسحی لە سەر خوففەكانی كرد [ رواه مسلم (٢٢٨/١/٢٧٣) والترمذی (١٣/١١/١) والبخاری (٢٢٥/٣٢٩/١) وبقية الجماعة ].

.......................................

---

بەڵام زۆربەی جار بە دانیشتنەوە میزی كردوە ، لە بەر فەموودەكەی (عَائشَة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) كــەوا فــەرمووی: (( **مَـنْ حَـدَّثَكُمْ أَنَّ النَّبِـيَّ ( ﷺ) كَـانَ يَبُـوْلُ قَائمَـاً فَـلاَ تُصَدِّقُوْهُ ، مَا كَانَ يَبُوْلُ إِلاَّ قَاعِدَاً** )) واتە: هەر كەسێك بـۆی گێڕانـەوە كـەوا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) بـە پێـوە میـزی كـردووە بـاوەڕی پـێ مەكـەن ، ئـەو میـزی نـەدەكرد مەگـەر بـە

دانیشتنەوە [رواه الترمذی (١٢/١٠/١) والنسائی وهو حدیث صحیح بروانە سلسلة الاحادیث الصحیحة(٢٠١) وصحیح النسائی(٢٩)] . ئەم فەرموودەیەی (عَائشَة) هیچ دژایەتیەكی فەرموودەكەی (حُذَیْفَة) ناكات ، چونكە (عَائشَة) باسی بینینی خۆی دەكات و (حُذَیْفَة)یش باسی بینینی خۆی ، وە لە (أُصُول الفِقْه)یشدا زانراوە كەوا (**المُثْبَتُ مُقَدَّمُ عَلَى النَّافِي عِنْدَ التَّعَارُضِ لِأَنَّ مَعَهُ زِيَادَةُ عِلْمٍ**) واتە: لە كاتی دژایەتی كردنی دوو فەرموودە دا ، ئەو فەرموودەیەیان كە (إِثْبَات)ی شتێك دەكات ، پێش ئەوەیان دەخرێت كە (نَفي) دەكات ، چونكە ئەوەیان كە(إِثْبَات)ی دەكات زانیاریەكی زیاتری پێیە . جا فەرموودەكەی (حُذَیْفَة) (مُثْبَت)ە ، وە فەرموودەكەی (عَائشَة)ە (نَافِي)یە كەوا بوو فەرموودەكەی (حُذَیْفَة) پێش دەخرێت كە(مُثْبَت)ە ، كەوابوو دروستە میز كردن بە پێوە ، ئەگەر چی تا بكرێت بە دانیشتنەوە باشترە ، چونكە وەك دایكە(عَائشَة) دەیگێڕێتەوە زۆر جار پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دانیشتنەوە میزی كردووە .

(**د**) چەند شتێك هەیە پێی دەووترێت (سُنَنُ الفِطْرَة) واتە: سوننەتی هەموو پێغەمبەران بووە ، (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((**خَمْسٌ مِنَ الفِطْرَةِ ، الإِسْتِحْدَادُ وَالخِتَانُ وَقَصّ الشَّارِبِ وَنَتْفُ الإِبِطِ وَتَقْلِيْمُ الأَظَافِرِ**)) واتە: پێنج شت لە (فِطْرَة)ن – لە سوننەتی پێغەمبەرانە – : تاشینی مووی عەورەت (پاش وپێش) و خەتەنە كردن (كوڕو كچ) وبەر سمێڵ (شوارب) گرتن و هەڵكەندنی مووی بن باڵ ، نینۆك كردن [رواه البخاری (٥٨٨٩/٣٣٤/١٠) ومسلم (٢٥٧/٢٢١/١) وغیرهم].

وە هەروەها لە فەرموودەكەی (عَائشَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((**عَشْرٌ مِنَ الفِطْرَةِ ، قَصُّ الشَّارِبِ وإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ والسِّوَاكُ وإِسْتِنْشَاقُ المَاءِ وَقَصُّ الأَظَافِرِ وَغَسْلُ البَرَاجِمِ وَنَتْفُ الإِبِطِ وَحَلْقُ العَانَةِ وإِنْتِقَاصُ المَاءِ – يَعْنِي الإِسْتِنْجَاء –**)) واتە: دە(١٠) شت لە (فِطْرَة)ن : بەر گرتنی سمێڵ (شوارب) ، هێشتنەوەی ڕیش ، وسیواك كردن ، وئاوهەڵدانە لووت ، نینۆك گرتن ، شۆردنی گرێی پەنجەكان ، وهەڵكەندنی مووی بن باڵ ، وتاشینی مووی عەورەت وخۆ پاك كردنەوە لە میز وپیسی ، (مُصْعَب) – یەكێكە لەوانەی فەرموودەكە دەگێڕێتەوە – فەرمووی: وە دە(١٠)یەمم لە یاد چووە ، ئەگەر (( **المَضْمَضَة** )) واتە: ئەگەر ئاو هەڵدانە دەم نەبێت [رواه مسلم (٢٦١/٢٢٣/١) وابوداود ( ١ / ٧٩ / ٥٩) وغیرهما] .

# دەست نوێژ
# (الوُضُوء)
## پایەکانی (٣٠) دەست نوێژ ( أَرْكَانُ الوُضُوء )

**نیەتی دەست نوێژ گرتن (٣١) وشۆردنی ڕوومەت (دەم وچاو) وشۆردنی هەردوو دەست لەگەڵ ئەنیشکەکان دا وەمەسح کردنی سەر و شۆردنی هەردووپێ لەگەڵ قاپەڕەقەکان دا وبەجێ هێنانی ئەم پایانە بەڕیز.(٣٢)**

(٣٠) مەبەستمان بە پایە لە هەر پەرستنێکدا ، ئەوەیە کە لەناوی پەرستنەکەدایەو بەنەکردنی ئەو پەرستنەی پێ بەتاڵ دەبێتەوە، بۆ نموونە وەك (رُكُوع) بردن یا (سُجُود) بردن لە نوێژدا پایەیە (رُكْن)ە ، لە ناوی نوێژەکەدایە وبە نەکردنی نوێژەکە بەتاڵ دەبێتەوە..

(٣١) لە فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة الآية: ٦) ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاة فَاغْسِلُوا...﴾ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر ویستتان بوو بۆ نوێژ هەڵسن ئەوە.. ، وە هەروەها لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ...**))واتە: بەڕاستی کردەوەکان هەمموو بەنییەتە... [رواه البخاري (١/٩/١) ومسلم (١٥١٥/٣/١٩٠٧) وغيرهما].

***تێبینی:*** شوێنی نیەت تەنها دڵە ، وە ووتنی بە دەم داهێنراوە (بِدْعَە)یە ، پێغەمبەری خوا خۆی بە دەم نەیوتوە ، وە فەرمانیشی پێ نەکردوە ، ونەیشیکردوە بە سوننەتیش بۆ ئوممەتەکەی ، وە هاوەڵان و شوێن کەوتوان وشوێن کەوتوانی ئەوانیش

هیچیان بە دەم نیەتیان نەهێناوە ، بەڵکو ئەمە تەنها رای کەسانێکە لەم دوایەدا ، وە ڕای کەس نابێتە شەرع ، وە باشترین ڕێباز ڕێبازی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .

(٣٢) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة الآية: ٦) ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاة فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى المَرَافِقِ وَأَمْسَحُوا بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الكَعْبَيْنَ ﴾.. واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر هەستان بۆ نوێژ ئەوە ڕوومەتتان و هەردوو دەستتان لە گەڵ ئەنیشکەکانتاندا بشۆن ، وە سەرتان مەسح بکەن ، وە هەردوو پێتان لە گەڵ قاپەڕەقەکانتان دا بشۆن .

## چەند تێبینییەک :

**(أ) هەندێک لە زانایان دەڵێن:** بە ڕیز کردنی پایەکانی دەست نوێژ (تَرْتِيْبُ أَرْكَانِ الوَضُوء) لە پایەکانی دەست نوێژ نییە ، بەڵکو سوننەتە ، وە بەڵگەشیان فەرموودەکەی (مِقْدَامُ بنُ مَعْد يَكْرُب)ە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **أُتِيَ رَسُوْلُ الله** (ﷺ) **بِوَضُوْءٍ ، فَتَوَضَّأَ فَغَسَلَ كَفَّيْه ثَلاَثاً ، وَغَسَلَ وَجْهَهُ ثَلاَثاً ، ثُمَّ غَسَلَ ذِرَاعَيْه ثَلاَثاً ، ثُمَّ تَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ ثَلاَثاً ، ثُمَّ مَسَحَ بِرَأْسِهِ وَأُذُنَيْهِ ظَاهِرَهُمَا وَبَاطِنَهُمَا** )) واتە: ئاوی دەست نوێژیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)هێنا ، جا ئەویش دەست نوێژی گرت و دەستی سێ جار شۆرد و ڕوومەتیشی سێ جار شۆرد ، پاشان باڵی سێ جار شۆرد ، پاشان ئاوی هەڵدایە دەم ولووتیدا سێ جار ، پاشان مەسحی سەر وهەردوو گوێی کرد ، ناوەوە ودەرەوەی [رواه أبو داود (١٢١/٢١١/١) وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود (١١٢)].

......................................

***منیش دەڵێم:*** خۆی بەڕیز کردنی ئایەتەکە بەو شێوەیە کەوا مەسحی سەری خستووەتە نێوان شۆردنی دەست و پێوە خۆی بۆ خۆی بەڵگەیەکی ئاشکرایە لە سەر ئەوەی بەڕیز کردنی پایەکانی دەست نوێژ (رُكْن)ە ، ئەگینا ئەوە چی سوودێکی هەیە ؟! و (ثُمَّ)یش لە زمانی عەربدا بۆ (تَرْتِيْب)ە . وە فەرموودەکەی (مِقْدَاد) هیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە کەوا پایەکانی دەست نوێژ بەڕیز نەکرابێت ، بەڵکو تەنها ئاو هەڵدانە دەم ولووتی تێدا دواخراوە ، ئەویش لە پێویستیەکان(وَاجِبَات)ی دەست نوێژە ، نەك لە پایەکانی ، چونکە لە ئایەتەکەدا باس نەکراوە ، وە هەرشتێکیش لە ئایەتەکەدا باس نەکرابێت یان پێویستە(وَاجِب)ە ، ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردبێت ، وە یان سوننەتە ئەگەر فەرمانی پێ نەکردبێت و تەنها کاری پێ کردبێت .

**(ب) مەسح کردنی سەر دەبێت هەموو سەر بگرێتەوە نەک هەندێکی ،** وەك هەندێك لە زانایان دەڵێن ، چونکە ئایەتەکە بە گشتی دەفەرمێ : ﴿ وَامْسَحُوا بِرُؤُوسِكُمْ ﴾ وە لە فەرموودەکەی(عَبْدُالله بْنُ زَيْد) (خوای لێ رازی بێت) هاتوە (( **أَنَّ رَسُوْلَ الله** (ﷺ) **مَسَحَ رَأْسَهُ بِيَدَيْهِ ، فَأَقْبَلَ بِهِمَا وَأَدْبَرَ ، بَدَأَ بِمُقَدَّمِ رَأْسِهِ ثُمَّ ذَهَبَ بِهِمَا إِلَى قَفَاهُ ثُمَّ رَدَّهُمَا إِلَى المَكَانِ الَّذِي بَدَأَ مِنْهُ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەسح کردووە بە هەردوو دەستی ، جا لە پێشی سەریەوە دەستی پێ کردووە تا پشتی سەر ، پاشان هەردوو دەستی گێڕاوەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە دەستی پێ کرد [رواه الجماعة]. جا ئەگەر بڵێن: لە فەرموودەکەی (مُغيرَةُ بنُ شُعْبَة)دا هاتووە (( **أَنَّهُ** (ﷺ) **تَوَضَّأَ فَمَسَحَ بِنَاصِيَتِهِ وَعَلَى العَمَامَةِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەسحی پێشی سەری (النَّاصِيَة) کردوە لە گەڵ مێزەرەکەیدا [رواه الترمذي]. ؟

***منیش دەڵێم :*** ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا دروستە لە جیاتی هەموو سەر ئەگەر یەکێ مێزەری لە سەردا بوو ، کەوا مەسحی پێشی سەر و مێزەرەکە بکات ، ئیتر پێویست بەوە ناکات مێزەرەکە لا بدات ، وە هیچ نابێتە بەڵگە کەوا دروستە بە تەنها مەسحی پێشی سەر بکات ! جا ئەگەر وا بوایە وەك هەندێك لە زانایان دەڵێن ، ئەوە دەمانتوانی بڵێین: دروستە هەر مەسحیشی لە سەر نەکات ، چونکە لە فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ أُمَيَّة الضُمَري)دا (خوای لێ رازی بێت) هاتووە کەوا باوکی فەرمووی: (( **رَأَيْتُ النَّبِيَّ** (ﷺ) **يَمْسَحُ عَلَى عَمَامَتِهِ وَخُفَّيْهِ** )) واتە: پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی مەسحی لە سەر مێزەرەکەی و هەردوو خوففەکەی کرد [رواه البخاري وأحمد وإبن ماجة ، ولە فەرموودەکەی (بيلال)یش دا (رواه الجماعة إلا البخاري وأبوداود) وە فەرموودەکەی (سلمان) و (ثوبان) (رواه أحمد) بڕوانە (نيل الأوطار) (١/١٩٤-١٩٦)]. دەبینین تەنها مەسحی لە سەر مێزەرەکەی کرد ، بەڵام خۆی وا نییە ، چونکە ئەو فەرموودانە تەنها بەڵگەن لە سەر ئەوەی ئەگەر کەسێك مێزەر لە سەریدا بوو ئەوە دەتوانێت بە تەنها مەسح لە سەر مێزەرەکەی بکات ، یان لە سەر پێشی سەری(النَّاصِيَة) و مێزەرەکەی پێکەوە ، وە ئەگەر مێزەریشی لە سەردا نەبوو ئەوە مەسحی هەموو سەری دەکات .

**(ج) لە گەڵ مەسحی سەردا دەبێت مەسحی هەردوو گوێ بکرێت** ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ: (( **الأُذُنَانِ مِنَ الرَّأْسِ** )) واتە: هەردوو گوی - بەشێکە - لە سەر . [رواه إبن ماجة (١/١٥٢/٤٤٣) بڕوانە صحيح إبن ماجه (٣٥٧)].

## پێویستیەکانی (٣٣) دەست نوێژ (وَاجِبَاتُ الوُضُوءِ)

**دەست پێ کردن بە ناوی خوا (٣٤) ، و شۆردنی هەردوو لەپ پێش ئەوەی بیکاتە ئاوی دەست نوێژکەدا ، ئەگەر لە خەو هەستا (٣٥) ، وە ئاو هەڵدانە دەم ولووت و دەرکردنەوەی (٣٦) ، وە دەست خستنە ناو پەنجەکانی دەست وپێ ی (٣٧)**

(٣٣) پێویستیەکان(وَاجِبَات)ی هەموو پەرستن(عبادة)ێك ئەوەیە بە نەکردنی بە قەستەوە تاونبار دەبیت ، بەڵام پەرستنەکە بەتاڵ نابێتەوە – بۆ نموونە: وەکو (تَحِيَّات )ی یەکەمی نوێژە سێ ڕکاتی وچوار ڕکاتێکان کە یەکێکە لە پێویستیەکانی نوێژ ، ئەگەر بە قەستەوە نەخوێنرێت ئەوە نوێژەکەی پێ بەتاڵ نابێتەوە ، بەڵام تاوانبار دەبێت ، وە ئەگەر لە یادی چوو ، ئەوە تاوانباریش نابێت وە تەنها دوو سوجدەی سەهوی بۆ دەبات لە خوێندنی (تَحْيات)ی کۆتایی و پێش (سَلَام) دانەوە .

(٣٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لا صَلَاةَ لِمَنْ لَا وُضُوءَ لَهُ وَلَا وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ إِسْمَ اللَّهِ تَعَالَى عَلَيْهِ** )) واتە: نوێژی نییە کەسێك ئەگەر دەست نوێژی نەبێت وە دەست نوێژیشی نییە کەسێك ناوی خوای لە سەر نەبات [رواه أبو داود (١/١٧٤/١٠١) وإبن ماجة (١/١٤٠/٣٩٩) وهو حديث حسن بروانە (صحيح إبن ماجه: ٣٢٠) للألباني].

(٣٥) لە بەر فەموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((**إِذَا إِسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ نَوْمِهِ فَلَا يَغْمِسَنَّ يَدَهُ فِي الإِنَاءِ حَتَّى يَغْسِلَهُ ثَلَاثاً، فَإِنَّهُ لا يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدَهُ** )) واتە: ئەگەر یەکێکتان لە خەو هەستا ئەوە دەست نەکاتە قاپەکەدا تا سێجار دەیشوات چونکە نازانێت شەو دەستی لە کوێدا بووە – مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەیە کەوا لەوانەیە دەستی لە زەکەری یان لە کۆمی دابێت وپیس بووبێت – [متفق عليه واللفظ لمسلم بروانە (شرح صحيح مسلم ٣/١٧٨) للنووى].

(٣٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا تَوَضَأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَجْعَلْ فِي أَنْفِهِ مَاءً ، ثُمَّ لِيَنْتَثِرْ ...**)) واتە: ئەگەر یەکێکتان دەست نوێژی گرت ئەوە ئاو بکاتە لووتی و پاشان دەری بکاتەوە... [رواه أبو داود (١/٢٣٤/١٤٠) والنسائى (١/٦٦) وعند البخارى (١/٢٦٣/١٦٢) و مسلم (١/٢١٢/٢٣٧) بنحوه].

وە لە بەر فەرموودەكەی (لَقِيْطُ بنُ صَبْرَة) (خوای لیّ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: ((أَسْبِغِ الوُضُوْءَ، وَخَلِّلْ بَيْنَ الأَصَابِعِ ، وَبَالِغْ فِي الإِسْتِنْشَاقِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ صَائِماً )) واتە: دەست نوێژ بـە جـوانی بگـرە و پەنجەبخـەرە نێـو پەنجەكانـەوە و زیادەرەوی لە ئاو هەڵدانە لووتدا بكە مەگەر بـە ڕۆژوو ببیـت [رواه أبو داود (١/٢٣٦/١٤٢) وغيرهم وفي روايه أخرى لابي داود (( إِذَا تَوَضَّأْتَ فَمَضْمِضْ )) واتە: ئەگەر دەست نوێژت گرت ئەوە ئاو لە دەمت هەڵدە وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابی داود (١٣١،١٢٩)].

(٣٧) لە بەر فەرموودەكەی (لَقِيطُ بنُ صَبْرَة) (خوای لیّ رازی بێت) بڕوانە (پ ٣٦).

وە دەست خستنە ناو ریش[٣٨].

## سوننەتەكانی دەست نوێژ

## ( سُنَنُ الوُضُوءِ )

**شۆردنی هـەردوو لـەپ بـۆ هـەموو دەسـت نوێـژێك[٣٩] سـیواك كـردن[٤٠] وسیجار سێجار بۆ هەموو ئەندامێك[٤١]**

(٣٨) لە بەر فەرموودەكەی (أَنَسُ بنُ مَالك) (خـوای لیّ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( أَنَّ رَسُوْلَ الله (ﷺ) كَانَ إِذَا تَوَضَّأَ أَخَذَ كَفًّا مِنْ مَاءٍ فَأَدْخَلَهُ تَحْتَ حَنَكِهِ فَخَلَّلَ بِهِ لِحْيَتَهُ ، وَقَالَ: هَكَذَا أَمَرَنِي رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگـەر دەسـت

نوێژی بگرتایە ، گوێلێك ئاوی هەڵدەگرت وەدەیخستە ژێر چەناکەی ، جا ناوی ڕیشی پێ تەڕدەکرد وە دەیفەرموو: ئا بەم شێوەیە پەروەردگارم فەرمانی پێ کردوم [رواه أبوداود (١/٢٤٣/١٤٥) والبيهقي (١/٥٤) وهو حديث صحيح بروانه الإرواء (٩٢)].

(٣٩) لە بەر فەرموودەکەی ئیمامی (عُثْمَان) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا داوای کرد ئاوی دەست نوێژی بۆ بێنن ، جا لە قاپەکە ئاوی کردە سەر هەردوو دەستیدا و سێجار شۆردی ، پاشان دەستی ڕاستی کردە ئاوی دەست نوێژەکەدا ، پاشان ئاوی هەڵداوە دەم ولووتیدا و دەری کردەوە ، پاشان سێجار دەم وچاوی شۆرد وەهەردوو باڵیشی تا ئەنیشکەکانی ، پاشان مەسحی سەری کرد ، پاشان هەر پایەکی سێجار شۆرد ، پاشان فەرمووی: پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی بەم شێوەیە وەك دەست نوێژەکەی من دەست نوێژی گرت و فەمووی: (( **مَنْ تَوَضَأَ نَحْوَ وَضُوئِي هَذَا ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ لاَ يُحَدِّثُ فِيْهِمَا نَفْسَهُ غَفَرَ اللَّهُ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ** )) واتە: هەر کەسێك وەك ئەم دەست نوێژەی من بگرێت ، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات قسە لە گەڵ خۆیدا نەکات ئەوە خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت [رواه البخاري (١/٢٦٦/١٦٤) ومسلم (١/٢٠٤/٢٦٦)].

(٤٠) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لَوْ لا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ وُضُوْءٍ** )) واتە: لە بەر ئەوە نەبێت کەوا لە سەر ئوممەتەکەم ناڕەحەت دەبێت ، ئەوە فەرمانم پێ دەکردن بەسیواك کردن لە گەڵ هەموو دەست نوێژێك دا [رواه الإمام أحمد (١/٢٩٤/١٧١) وبروانە صحيح جامع الصغير (٥٣١٦)].

(٤١) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا ئیمامی (عُثْمَان) فەرمووی: (( **أَلاَ أُرِيْكُمْ وُضُوْءَ رَسُوْلِ اللهِ** (ﷺ) ؟ **ثُمَّ تَوَضَّأَ ثَلاَثاً ثَلاَثاً** )) واتە: ئایا پیشانتان بدەم پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن دەست نوێژی دەگرت ، پاشان سێجار سێجار دەست نوێژیگرت [رواه مسلم (١/٢٠٧/٢٣٠)].

وە بۆ مەسح کردنی سەریش هەر سوننەتە سێجار سێجار بکرێت ، لە بەر فەرموودەکەی (عُثْمَان) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا (( **أَنَّهُ تَوَضَّأَ فَمَسَحَ رَأْسَهُ ثَلاَثاً وَقَالَ: رَأَيْتُ رَسُوْلَ اللهِ** (ﷺ) **تَوَضَّأَ هَكَذَا** )) واتە: دەست نوێژی گرت ، جا مەسحی سەری سێجار کرد وە فەرمووی: بینیم پێغەمبەری خوا بەم شێوەیە دەست نوێژی گرت [رواه أبوداود (١ /٧٩/١١٠) وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود (١٠١)].

**وە پـێش خـستنی لای ڕاسـت [٤٢]، وە كۆكردنـەوەی ئـاو هەڵدانـە دەم ولووت بە یەك گوێل [٤٣]، وە شۆردنی دەم وچاوو ودەست وپێ لـە سنووری خۆی زیاتر [٤٤]، وە خوێندنی دوعای دوای دەست نوێژ [٤٥]، وە كردنی دوو ڕكات نوێژی دەست نوێژ [٤٦].**

(٤٢) له بـەر فەرموودەكـەی (عَائِشَةَ) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( **كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) يُعْجِبُهُ التَّيَمُّنُ فِي تَنَعُّلِهِ وَتَرَجُّلِهِ وَطُهُوْرِهِ وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ** )) واتـە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش خستنی لای راستی پێ خۆش بووە له پێلاو له پێ كردندا ، وە له سەر شانە كردندا ، وە له غوسلو دەست نوێژ گرتندا ، وە لـە هـەموو كارەكـانی تریدا [رواه البخاري (١/٢٦٩/١٦٨) ومسلم (١/٢٢٦/٢٦٨)].

(٤٣) له بەر فەرموودەكەی (عَبْدُالله بن زَيْد بْن عَاصِمِ الأَنْصَارِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێیان ووت: دەست نوێژمان بۆ بگرە وەكو دەست نوێژی پێغەمبەری خـوا (ﷺ) (( .. **فَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ مِنْ كَفٍّ وَاحِدَةٍ ، فَفَعَلَ ذَلِكَ ثَلاَثاً** ...)) واتە: .. جا بە یـەك گوێـل ئـاو ئـاوی هەڵدایـە دەم و لـووتی ، وە سـێ جـاریش دووبـارەی كـردەوە ... [رواه مسلم (١/٢١٠/٢٣٥)].

(٤٤) لـە بـەر فەرموودەكـەی (نُعَيْمُ بنُ عَبْدِاللَّـهِ المُجْمِر)(خـوای لێ ڕازی بێـت)كـەوا فـەرمووی: ((أَبُو هُرَيْرَة)ەم بینـی (خـوای لێ رازی بێـت) دەسـت نوێـژی دەگـرت.... جـا فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (( **أَنْتُمُ الغُرُّ المُحَجَلُونَ يَوْمَ القِيَامَةِ ، مِنْ إِسْبَاغِ الوُضُوءِ ، فَمَنِ إِسْتَطَاعَ مِنْكُمْ فَيُطِلْ غُرَّتَهُ وَتَحْجِيْلَهُ** )) واتە: ئێوە وەكو ئەسـپی توێـڵ سپی لە ڕۆژی دواییدا بە شوێنەواری دەست نوێژەكانتاندا دەناسرێنەوە ، جا هەر یـەكێكتان چەندێك پێی دەكرێت زیاتری لێ بشوات ، با بیشوات [رواه البخاري (١/٢٣٥/١٣٦) ومسلم (١/٢١٦)].

(٤٥) له بەر فەرموودەكەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ رازی بێـت) كـەوا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((**مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُسْبِغُ الوُضُوءَ ثُمَّ يَقُولُ: أَشْهَدُ أَنْ لاإِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لاشَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ، إِلَّا فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الجَنَّةِ الثَّمَانِيَةِ يَدْخُلُ مِنْ أَيُّهَا شَاءَ** )) واتە: هەر یەكێك له ئێوە دەست نوێـژ بگرێت بـە ڕێك وپێكی پاشان بڵێ ( **أَشْهَدُ أَنْ لاإِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لاشَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ** ) ئەوە هەر هەشت دەرگاكانی بەهەشـتی بۆ دەكرێتـەوە لـە كامیانـەوە دەیـەوێت

دەچێتە ژوورەوە [رواه مسلم (١/٢٠٩/٢٣٤) وفي رواية الترمذي (بروانە صحيح الترمذي / ٤٨) زيادة (( **اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِيْنَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِيْن** ))].

وە فەرموودەكەی (أَبُوسَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **مَنْ تَوَضَأَ فَقَالَ : سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا أَنْت ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ ، كُتِبَ لَهُ فِي رِقٍّ ، ثُمَّ طُبِعَ بِطَابِعٍ ، فَلاَ يُكْسَر إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ** )) واتە: هەر كەسێك دەست نوێژ بگرێت ، پاشان بڵێت: (( **سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاإِلَهَ إِلَّا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ** )) ئەوە لە لاپەڕەیەك دا بۆی دەنوسرێتەوە پاشان مۆری لێ دەدرێت بەمۆرێك ناشكێت تا ڕۆژی قیامەت [رواه الحاكم (١/٥٦٤) وهو صحيح بروانە صحيح الترغيب والترهيب (٢٢٠)].

(٤٦) لە بەر فەرموودەكەی (عُثْمَانُ بنُ عَفَّان) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٣٩).

............................

## دوو تێبینی:

**(أ) سیواك كردن لە هەموو كاتێكدا سوننەتە ، بەڵام لە چەند حاڵەتێكدا زیاتر سوننەتە:**

**یەكەم: لە گەڵ هەموو دەست نوێژێكدا:** لە بەر فەرموودەكەی (أَبُوهُرَيْرَة) بڕوانە (پ ٤٠).

**دووەم: لە گەڵ هەموو نوێژێكدا:** لە بەر فەرموودەكەی (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لَوْ لا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلاةٍ** )) واتە: لە بەر ئەوە نەبێت لە سەر ئوممەتەكەم ناڕەحەت دەبێت ئەوە فەرمانم پێ دەكردن بە سیواك كردن لە گەڵ هەموو نوێژێكدا [رواه البخاری (٢/٣٧٤/٨٨٧) ومسلم (١/٢٢٠/٢٥٢) وغيرهما إلا أن عند مسلم (( **عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ** )) واتە: لە كاتی هەموو نوێژێكدا ].

**سێیەم: لە كاتی قورئان خوێندن دا:** لە بەر فەرموودەكەی (عَلِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: فەرمانمان پی كراوە بە سیواك كردن ، وە فەرمووی: (( **إِنَّ العَبْدَ إِذَا قَامَ يُصَلِّي أَتَاهُ مَلَكٌ فَقَامَ خَلْفَهُ يَسْتَمِعُ القُرْآنَ وَيَدْنُوا ، فَلاَ يَزَالُ يَسْتَمِعُ وَيَدْنُوا ، حَتَّى يَضَعَ فَاهُ عَلَى فِيْهِ ، فَلا يَقْرَأُ آيَةً إِلاَّ كَانَتْ فِي جَوْفِ المَلَكِ** )) واتە: لە ڕاستیدا بەندە ئەگەر هەستا نوێژ بكات ، فریشتەیەك دێت لە پشتیەوە دەوستێت گوێ لە قورئان دەگرێت ونزیك دەبێتەوە ، بە بەردەوامی گوێ دەگرێت و نزیك دەبێتەوە ، تا دەم دەخاتە سەردەمی ، جا هەر ئایەتێك دەخوێنێت دەچێتە قورگی

فریشتەكەوە [رواه البیهقی (٣٨/١) وهو حدیث صحیح لغیره بروانە سلسلة الأحادیث الصحیحة (١٢١٣) للألبانی].

**چوارەم: كاتێك دێتە ژوورەوە بۆ مال:** لە بەر فەرموودەكەی (المِقْدَامُ بنُ شُرَيْح عـنْ أَبِيْـه) (خـوای لێ رازی بێـت) فـەرمووی : (( **سَأَلْتُ عَائِشَةَ قُلْتُ: بِأَيِّ شَيْءٍ كَانَ يَبْدَأُ النَّبِيّ (ﷺ) إِذَا دَخَلَ بَيْتَهُ ؟ قَالَتْ: بِالسِّوَاكِ** )) واتە: پرسـیارم لـە (عَائِشَة) كـردو ووتم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێك دەگەڕایەوە مالەوە بە چی دەستی پـێ دەكرد ؟ فەرمووی: بە سیواك كردن [رواه مسلم (٢٥٣/٢٢٠/١) وأبوداود (٥٨/٨٦/١) مع العون وغیرهما].

**پێنجەم: كاتێك شەوان لە خەو هەڵدەسێت:** لە بەر فەرموودەكەی (حُذَيْفَة) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( **كَانَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) إِذَا قَامَ لِيَتَهَجَّدَ يَشُوْصُ فَاهُ بِالسِّوَاكِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر هەڵبسایە بۆ شەو نوێژی دەمـی پـاك دەكردەوە بە سیواك [رواه البخاری (٢٤٥/٣٥٦/١) ومسلم (٢٥٥/٢٢٠/١) وهذا لفظه وغیرهما].

(**ب**) **هێـشتنەوەی ڕیـش و بەردانـەوەی پێویـست(وَاجِـب)ە** ، وە تاشینیـشی حەرامـە ، چـونكە گـۆڕانی خـەلقی خوایـە ، وە لـە كردەوەكـانی شـەیتانە كـە دەڵـێ: ﴿ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللهِ ﴾ (النساء الآیة: ١١٩) واتـە: وە فـەرمانیان پـێ دەكـەم كـەوا بەدیهێنراوەكانی خوا بگۆڕن .

وە تاشینیـشی لاسـایی كردنـەوەی ئافرەتـە ، كـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نەفەرەت(لَعْنَة)ی لێ كردووە (( **لَعَنَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) الْمُتَشَبِّهِيْنَ مِنَ الرُّجَالِ بِالنِّسَاءِ** )) [رواه البخاری (٥٨٨٥/٣٣٢/١٠) والترمذی (٢٩٣٥/١٩٤/٤)] ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمان(أَمْر)ی بە هێشتنەوەی كردوە ، وە فەرمانیش بۆ (وَاجِب)ە وەك زانراوە ، لەوانـە فەرموودەكـەی (إِبْنُ عُمَر)ە (خوایان لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( **خَالِفُوا الْمُشْرِكِيْنَ وَفِّرُوا اللِّحَى وَاحْفُوا الشَّوَارِب** )) واتـە: جیاوازی و پێچەوانەی (مُشْرِك)ە كـان بكـەن ، ڕیـش بهێڵێنـەوە و فراوانـی بكـەن ، وە سمـێڵ(شـوارب)یـش كـورت بكەنـەوە [رواه البخـاری (٥٨٩٢/٣٩٤/١٠) ومسلم (٢٥٩/٢٢٢/١)].

# ئەوەی دەست نوێژ بەتاڵ دەكاتەوە

## ( مُبْطِلاتُ الوُضُوء )

**هـەر شـتێك لـە پـاش وپێـشەوە دەربـچێت [٤٧] وخـەوتن [٤٨] وخـواردنی گۆشتی ووشتر [٤٩] ودەست دانە پێش(ذَكَر)ەوە بە ئارەزوو[٥٠] .**

(٤٧) ئیتر ئەو شتە میز بێت یان هەرشتێكی تر بێت ، لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدە: ٦٠) دا ﴿ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنْ الغَـائِطِ ﴾ واتە: یان ئەگەر یەكێكتان لە ئاودەستخانەوە هاتنەوە .

وە لە بەر فەرموودەكەی (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لا تُقْبَلُ صَلاةُ مَنْ أَحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَأَ** )) واتە: خوای گەورە نوێژ لە یەكێك وەرناگرێت ئەگەر تووشی (حَدَث) بێت تا دەست نوێژ نەگرێتەوە ، پیاوێكی (حَضْرَمَوت) ی ووتی: ئەی (أَبُوهُرَيْرَة) (حَدَث) چ‌ییە ؟ ئەویش فەرمووی: (( **فُسَاءٌ أَوْ ضُرَاطٌ** )) واتە: تسە یان ترِ. [رواه البخاری (١٣٥/٢٣٤/١) وأحمد (٣٥٢/٧٥/٢) وأصل الحديث عند غيرهم بدون الزيادة].

وە فەرموودەكەی (عَلِي) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ١١) وە لە (إِبْنُ عَبَّاس)ەوە فەرمووی: (( **المَنِي وَالوَدِي وَالمَذِي ، أَمَّا المَنِي فَهُوَ الَّذِي مِنْهُ الغُسْل ، وَأَمَّا الوَدِي وَالمَذِي فَقَالَ: إِغْسِلْ ذَكَرَكَ أَوْ مَذَاكِيْرَكَ وَتَوَضَّأْ وُضُوْءَكَ لِلصَّلاَة** )) واتە: مەنی وپاش میزو مەزی ، مەنی ، ئەوە دەبێت غوسلی لێ بكرێت بەڵام پاش میزو مەزی ، ئەوە: زەكەرت بشۆ ودەست نوێژ بگرەوە وەك چۆن بۆ نوێژ دەیگرێت)) [رواه البيهقی (١١٥/١) وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح ابوداود (١٩٠)].

(٤٨) خەوتنێك كە بە ڕاستی پێی بووترێت خەوتن بەوەی هۆشی لای خۆی نەمێنێت، لە بەر ئەو هەموو فەرموودانەی كە لەو بارەوە هاتوون ، لە وانە فەرمووودەكەی (عَلى) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **العَيْنُ وِكَاءُ السَّه ، فَمَنْ نَامَ فَلْيَتَوَضَأْ** )) واتە: چاو پەتی بەستنی كۆمە ، جا هەر كەسێك خەوت ، ئەوە با دەست نوێژ بگرێتەوە – چونكە دەست نوێژی شكاوە – [رواه أبو داود (٢٠٠/٣٤٧/١) مع العون وإبن ماجه(١/رقم/٤٧٧) وهو حديث حسن بڕوانە الإرواء (١١٣) وصحيح أبي داود (١٩٨) وصحيح إبن ماجه (٣٨٦)].

جا ئەگەر خەوتن دەست نوێژ بشكێنێت ، ئەوە لە هۆش چوون ونەمانی عەقڵ پێشتر دەیشكێنێت چونكە مرۆڤ زیاتر بێ ئاگا دەكات .

(٤٩) لە بەر فەرموودەكەی (البَرَّاءُ بنُ عَازِب) (خوای لێ رازی بێت) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **تَوَضَّئُوا مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ ، وَلا تَوَضَّئُوا مِنْ لُحُومِ الغَنَمِ** ))واتە: دەست نوێژ لە گۆشتی ووشتر بگرنەوە بەڵام لە گۆشتی مەڕ مەیگرنەوە [رواه أبوداود (١٨٢/٣١٥/١) مع العون والترمذی (٨١/٥٤/١) وإبن ماجه (٤٩٤/١٦٦/١) وهو حديث صحيح بڕوانە الإرواء(١٥٢/١) وصحيح أبي داود(١٧٧) وصحيح إبن ماجه (٤٠١)].

(٥٠) لە بارەی دەست دانە زەكەرەوە دوو فەرموودەی (صَحِيْح)مان هەیە لە ڕووكەش(ظَاهِر)دا دژ بە بەكن ، ئەویش فەرموودەكەی (بُسْرَةُ بِنْتُ صَفْوَان)ە (خوای لێ رازی

بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ مَسَّ ذَكَرَهُ فَلْيَتَوَضَّأ ))واتە: هەر كەسێك دەستی دا بە زەكەریەوە با دەست نوێژ بگرێتەوە [رواه ابوداود (١/٣٠٧/١٧٩) مع العون وإبن ماجه (١/١٦١/٤٧٩) والنسائی (١/١٠٠) والترمذی (١/٥٥/٨٢) وهو حديث صحيح بروانه الإرواء(١١٦) وصحيح أبي داود(١٧٤) وصحيح إبن ماجه (٣٨٨)].

..........................................

وە فەرموودەكەی (طَلْقُ بنُ عَلِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پیاوێك پرسیاری كرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی پیاوێك دەست لە زەكەری بدات ئایە دەست نوێژی لە سەرە ؟ ئەویش فەرمووی: (( لَيْسَ فِيْهِ وُضُوء ، إِنَّمَا هُوَ مِنْكَ )) واتە: نەء ، دەست نوێژی لە سەر نییە ، لە ڕاستیدا ئەوە بەشێكە لە خۆت [رواه أبوداود (١/٣١٢/١٨٠) مع العون وإبن ماجه (١/١٦٣/٤٨٣) وهذا لفظه والنسائی (١/١٠١) والترمذی (١/٥٦/٨٥)وهو حديث صحيح بروانه المشكاة(٣٢٠) وصحيح أبي داود(١٧٥) صحيح ابن ماجه (٣٩٢)].

جا ئەم دوو فەرموودەیە لە (ظَاهِر)دا دژ بە یەكن وەك باسمان كرد ، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە ، چونكە فەرموودەكەی (طَلْق) ئاماژەیەكی جوانی تێدایە ئەویش ئەوەیە كە دەفەرمێ: (( إِنَّمَا هُوَ مِنْكَ )) واتە: لە ڕاستیدا ئەوە بەشێكە لە خۆت . ئەمە ئاماژەیە كەوا ئەو دەست پێوەدانە كە دەست نوێژ ناشكێنێت دەست پێوەدانێكە بە ئارەزووەوە نەبێت ، چونكە لەو حاڵەتەدا دەتوانی تەشبیهی بكەیتە هەر ئەندامێكی تری لاشەوە ، بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەگەر بە ئارەزوو(شَهْوَة)ەوە دەستی پێوە بدرێت ، ئەوە دەست نوێژ دەشكێنێت ، چونكە لەو كاتەدا وەكو ئەندامەكانی تری لاشە نییە ، بەم شێوەیە هەردوو فەرموودەكە كۆ(جَمْع) دەكرێتەوە ، ئەمەش هەڵبژاردەی ڕای (شَيْخُ الإسْلام إِبْنُ تَيْمِيَّه) یە...[بروانە تمام المنة في التعليق على فقه السنة للألبانی (ل ١٠٣)].

## چەند تێبینییەك :

(أ) **هەندێك لە زانایان دەڵێن:** لە یەكدانی پێستی پیاو و ئافرەتی بێگانە (نا مەحرەم) دەست نوێژ دەشكێنێت ، بەڵگەشیان فەرموودەكەی خوای گەورەیە لە سورەتی(المائدة : ٦) ﴿...وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبَاً فَاطَّهَرُوا وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدُ مِنْكُمْ مِنَ الغَائِطِ أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا...﴾ دەڵێن: (لاَمَسَ) لە (حَقِيْقَة)دا بە واتای دەست پێوەدان دێت ...

***منیش دەڵێم:*** لە (أَصْل)دا هیچ شتێك دەست نوێژ ناشكێنێت ، مەگەر بە بەڵگە( إِلاَّ بِدَلِيْل) ، جا ئەو ئایەتەی سورەتی(المائدة : ٦)یش زانایان لە بارەیەوە دەڵێن: (لَمْس) بە

واتای (جِمَاع)کردنیش هاتوه لە ئایەت و فەرموودە دا ، وە لێرەیشدا بەو واتایە هاتوە ، وەك ئیمامی (عَلِي) و (تَرْجُمَانُ القُرآن إِبْنُ عَبَّاس) وا تەفسیریان کردوە ، وە(أُسْلُوب)ی ئایەتەکەش ئەوە دەگەیەنێت ، چونکە لە پێشی ئایەتەکەدا خوای گەورە باسی (طَهَارَة) بە ئاو دەکات بۆ کەسێك دەست نوێژی شکا بێت ، کە (حَدَثُ الأصْغَر)ە ، وەك دەفەرمێ: ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاة فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيْكُمْ إِلَى المَرَافِقِ وَامْسَحُوا برُؤُوْسكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الكَعْبَيْنِ﴾ وە باسی (طَهَارَة) بە ئاویش دەکات بۆ کەسێك لەشەی گران بێت کە( حَدَثُ الأكْبَر )ە ، وەك لە پاش ئەوە دەفەرمێ: ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبَاً فَاطَّهَرُوا ﴾ ، پاشان ئەگەر کەسێك توانای( طَهَارَة ) بە ئاوی

..................................................

نەبوو ، لە بەر نەخۆشی یان لە بەر سەفەر ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ﴾ ئەوە بۆ (حَدَثُ الأصْغَر) کە گەڕانەوەیە لە سەر ئاو کردن ﴿ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ منْكُمْ منَ الغَائط ﴾ وە بۆ (حَدَثُ الأكْبَر)یش کە (جِمَاع)کردنە لە گەڵ ئافرەتدا ﴿ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ ﴾ ، ئەوە تەیمومیان بۆ بکەن بە خۆڵ ، بۆ(حَدَثُ الأصْغَر) و (حَدَثُ الأكْبَر)یش ، ئەگەر ئاو دەست نەکەوت ﴿ فَإِنْ لَمْ تَجدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيْدَاً طَيِّبَاً فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيْكُمْ منْهُ مَا يُرِيْدُ اللهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّيْنِ منْ حَرَجٍ..﴾ (سورة المائدة :٦).

کەوا بوو هەر وەك چۆن ﴿ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ منْكُمْ منَ الغَائط ﴾ بەرانبەری دەست نوێژەکەیە ، کە هەردوکیان(حَدَثُ الأصْغَر)ن ، بە هەمان شێوە ﴿ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ ﴾ بەرانبەری ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبَاً ﴾ە ، کە هەردووکیان (حَدَثُ الأكْبَر)ن ، بەلاَم ئەگەر بلێیت (لاَمَس) لێرەدا بە واتا دەست پێوە دانە ، ئەوە ئەو سوودە نامێنێت کە لە ئایەتەکە وەردەگیرێت کەوا خۆڵ جێگەی ئاو دەگرێتەوە بۆ(حَدَثُ الأكْبَر) ، وەك چۆن جێگەی دەگرێتەوە بۆ (حَدَثُ الأصْغَر) ، وە لەو کاتەشدا کۆتایی ئایەتەکە (مُخَالِف)ەی پێشەکەی دەکات .

ئەمە جگە لەو فەرموودانەیش کە ئەم (أَصْل)ە بە هێز دەکەن ، لەوانە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی:(( **أَنَّ رَسُوْلَ الله** (ﷺ) **قَبَّلَ بَعْضَ نسَائه ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الصَّلَاة وَلَمْ يَتَوَضَّأ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماچی هەندێك لە خێزانەکانی کرد ، پاشان دەرچوو بۆ نوێژ و دەست نوێژیشی نەگرتەوە [رواه الإمام احمد وأبوداود والترمذی والنسائی وإبن ماجة وهو حديث صحيح صححه الألباني في المشكاة(٣٢٣) وصحيح أبي داود (١٧١)

وصحيح إبن ماجة (٤٠٦) وصحيح الترمذي (٦٥)]. ئـەم فەرموودەيـە ئەگـەر چـی هەنـدێك لـە زانايـان بـە(ضَـعِيْف)يـان زانيـوە ، بـەڵام لـە ڕاسـتيدا ڕێگاكـانى يـەكترى بـە هێـز دەكـەن ، وە لـەو زانايانەى كۆن كە ئەم فەرموودەيەيان بە(صَحِيْح) داناوە ، (إِبْنُ عَبْدِ البَـرِّ) كـە فـەرموويـەتى: وروى هذا الحديث أيضا من طريق معبد بن نباتة ، وقال الشافعي : إِنْ ثَبَـتَ حَـدِيْثُ مَعْبَـدُ بـنُ نَبَاتَةَ فِي القُبْلَةِ لَمْ أَرَ فِيْهَا وَلا فِي اللَّمْسِ وُضُوءَ اً ، وە بڕوانە(بِدَايَةُ المُجْتَهِـدِ وَنِهَايَـةُ المُقْتَـصِد لإِبْنِ رُشْدٍ)(٢٧/١) و(نَيْلُ الأَوْطَارِ لِلإِمامِ الشَّوْكَانِي)(١/٢٣٠-٢٣٣) كە باسى ئەم مەسەلەيە بە جوانى دەكەن ، وە لە بارەى ئەم فەرموودەيەوە( الشَّوكَاني ) دەفەرمێ: صَـحَّحَهُ إِبْـنُ عَبْـدِ البَرِّ وَجَمَاعَة وَشَهِدَ لَهُ حَدِيْثُهَا الآتِي بَعْدَ هَـذَا ، وَالحَـدِيْثُ يَـدُلُّ عَلَـى أَنَّ لَمْـسَ المَـرْأَةِ لا يَـنْقُضُ الوُضُوءَ وَقَدْ تَقَدَّمَ ذِكْرُ الخِلافِ فِيْهِ .

وە هەوەرها شەيخی فەرمووده نـاس(مُحَـدِّث)ی ئـەم سـەردەمەيـش ( شَـيْخ الأَلْبَـانِي) تصحيحی ئەم فەرموودەيەيی كردوە ، وەك ئاماژەمان بۆى كردوە .

وە هەروەها فەرموودەكەى ترى(عَائِشَة) (خواى لىٚ رازى بێت) كەوا فەرمووى: (( **كُنْـتُ أَنَامُ بَيْنَ يَدَيْ النَّبِيِّ** (ﷺ) ، **وَرِجْلاَيَ فِي قِبْلَتِـهِ فَإِذَا سَجَدَ غَمَزَنِي فَقَبَضْتُ رِجْلِـي – وَفِي لَفْظٍ: فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَسْجُدَ غَمَزَ رِجْلِـي –** )) واته: لە بەر دەستى پێغەمبـەرى خـوادا (ﷺ) دەخەوتم _ كاتێك كە نوێژى دەكـرد _ وە هـەردوو پـێم لـە لاى قيبلەيـەوە بـوو ، جـا ئەگەر سوجدەى ببردايە دەيژانـدە منـەوە _ پـێی منـەوە ، وەك لـە(لَفـظ)ێكيـدا هـاتوە _ منيش پێم دەكێشايەوە [متفق عليه بروانه فقه السنة (٤٧/١)].

.....................................................

---

وە هەروەها فەرموودەكەى (عَائِشَة)(خـواى لىٚ رازى بێـت) كـەوا فـەرمووى: (( **فَقَدْتُ رَسُوْلَ اللهِ** (ﷺ) **لَيْلَةً مِنَ الفِرَاشِ ، فَالْتَمَسْتُهُ ، فَوَقَعَتْ يَدِي عَلَى بَطْنِ قَدَمَيْهِ وَهُوَ فِـي المَـسْجِدِ ، وَهُمَـا مَنْـصُوْبَتَانِ ، وَهُـوَ يَقُـوْلُ: اللَّهُـمَّ ، أَعُـوْذُ بِرِضَـاكَ مِـنْ سَـخَطِكَ ، وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوْبَتِكَ ، وَأَعُوْذُ بِكَ مِنْكَ ، لاَ أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ ، أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ** )) واتە: شەوێك لە سەر جێگا پێغەمبـەرم لىٚ وون بـوو ، جـا بـە دوايـدا گـەڕام بينيمەوە ، دەستم لە سەر هەردوو پشت پىٚی دانا – لە سوجدە بردندا بوو – لە مزگەوتـدا بوو ، وە دەيفەرموو: خوايە مـن پـەنا بـە ڕەزامەنـديت دەگـرم لـە توڕەبونـت ، وە پـەنا بـە لێبوردنت دەگرم لە سزات ، وە پـەنا بـە تـۆ دەگـرم لـە خـۆت ، ... [رواه مسلم(١/رقم/٤٨٦) وغيره].

جا ئەم دوو فەرموودە(صَحِيْح)ە بەلگەیەكی روونن لە سەر ئەوەی كەوا دەست نوێژ لە دەست پێوەدانی ئافرەت ناشكێت ، وە(تَأْوِيْل)كردنەكەی (إِبْنُ حَجَر)یش لە(فَتْحُ البَارِي)دا – بەوەی لەوانەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێكی لە پێدا بووبێت ، یان لەوانەیە تایبەت ببێت بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) – (تَكَلُّف)ە و پێچەوانەی (ظَاهِر)ە ، وەك ئیمامی(صَنْعَانِي) لە (سُبُلُ السَّلام)دا (١٠٢/١) و ئیمامی(شَوْكَانِي)یش لە(نَيْلُ الأَوْطَار)دا (٢٣١/١) وایان فەرمووە.

**( ب ) ئەوانەی كە پێویست(وَاجِب)ە دەست نوێژی بۆ بگیرێت ئەمانەن:**

**یەكەم: نوێژ** ، لە بەر ئایەتەكەی سورەتی (المائدة : ٦) كە پێشتر باسمان كرد.

**دووەم: سوور خواردنەوە بە دەوری ماڵی خوا گەورە دا (الكَعْبَة)** ، لە بەر فەرموودەكەی(إِبْنُ عَبَّاس)(خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **الطَّوَافُ بِالبَيْتِ صَلاَةٌ ، وَلَكِنَّ اللهَ أَحَلَّ فِيْهِ المَنْطِقَ** ...)) واتە: سوور خواردنەوە بە دەوری (كَعْبَە)دا نوێژە ، بەڵام خوای گەورە قسە كردنی تێدا حەڵاڵ كردوە ... ... [رواه الترمذي (٩٦٧/٢١٧/٢). وهو حديث صحيح بروانە صحيح الجامع ( ٣٩٥٤ )].

وە جگە بۆ نوێژ و(طَوَاف) هیچ بەلگەیەكی(صَحِيْح)مان نییە كەوا دەست نوێژ بۆ هیچ شتێكی تر پێویست بێت .

**( ج ) ئەوانەی كە سوننەتە دەست نوێژی بۆ بگیرێت ئەمانەن:**

**یەكەم: زیكری خوا** ، لە بەر فەرموودەكەی (المُهَاجِرُ بنُ قُنْفُذ) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((... **إِنِّي كَرِهْتُ أَنْ أَذْكُرَ اللهَ إِلاَّ عَلَى طَهَارَة** )) واتە: لە راستیدا من پێم خۆش نییە زیكری خوا بكەم مەگەر بە دەست نوێژەوە [رواه أبوداود (١٧/٣٤/١) مع العون واللفظ له وإبن ماجه (٣٥٠/١٢٦/١) بروانە السلسلة الصحيحة(٨٣٤) وصحيح أبي داود(١٣) وصحيح إبن ماجه (٢٨٠)].

**دووەم: خەوتن** ، لە بەر فەرموودەكەی (البَرَّاءُ بنُ عَازِب) (خوای لێ رازی بێت) (( **إِذَا أَخَذْتَ مَضْجِعَكَ فَتَوَضَأْ وُضُوءَ كَ لِلصَّلاة** ...)) واتە: ئەگەر چویتە سەر جێگات بۆ خەوتن ، ئەوە دەست نوێژ بگرە وەكو دەست نوێژ گرتنت بۆ نوێژ [رواه البخاري (٦٣١١/١٠٩/١١) مع الفتح ومسلم (٢٧١٠/٢٠٨١/٤)].

**سێیەم: لەش گران ئەگەر ویستی شت بخوات یان بخواتەوە یان بخەوێت یان دووبارە جیماع بكاتەوە** ، لە بەر فەرموودەكەی (عَمَّارُ بنُ يَاسر) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) (( **رُخِّصَ لِلْجُنُبِ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْكُلَ أَوْ يَشْرَبَ أَوْ يَنَامَ أَنْ يَتَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلاة** )) واتە: رۆخسەتی داوە بەو كەسەی لەشی گران بێت

ئەگەر ویستی خواردن بخوات یان خواردن بخواتەوە یان بخەوێت ، كەوا دەست نوێژ بگرێت وەكو دەست نوێژی نوێژ [رواه أبوداود (٢٢٢/٣٧٥/١) مع العون وهو حديث صحيح بروانە الوجيز (ل ٣٩)].

وە لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ فَلْيَتَوَضَّأْ** )) واتە: ئەگەر یەكێكتان چوە لای خێزانەكەی – جیماعی لە گەڵدا كرد – پاشان ویستی دوو بارەی بكاتەوە ، ئەوە با دەست نوێژ بگرێتەوە [رواه مسلم (٣٠٨/٢٤٩/١) وغيره].

..................................................

**چوارەم: پێش غوسل كردن** ، ئیتر غوسلی سوننەت بێت یان پێویست ، لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **كَانَ رَسُولُ اللهِ إِذَا إغْتَسَلَ مِنَ الجَنَابَةِ... ثُمَّ يَتَوَضَّأُ وُضُوءَهُ لِلصَّلاةِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر غوسلی بكردایە لە لەش گرانی ... پاشان دەست نوێژی دەگرت وەكو دەست نوێژی نوێژ [رواه مسلم (٣١٦/٢٥٣/١)].

**پێنجەم: ئەگەر خواردنێك بخوات بە ئاگر برژاو بێت** ، لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **تَوَضَّأُوا مِمَّا مَسَّتِ النَّارُ** )) واتە: دەست نوێژ بگرنەوە لەوەی ئاگر لێی دابێت [رواه مسلم (٣٥٢/٢٧٢/١)].

وە ئەو فەرمانەیش بۆ سوننەتە ، لە بەر فەرموودەكەی (عَمْرُو بنُ أُمَيَّة الضُمَرِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **رَأَيْتُ النَّبِيَّ يَحْتَزُّ مِنْ كَتْفِ شَاةٍ فَأَكَلَ مِنْهَا فَدُعِيَ إِلَى الصَّلاةِ ، فَقَامَ وَطَرَحَ السِّكِّيْن وَصَلَّى وَلَمْ يَتَوَضَّأْ** )) واتە: بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە چەقۆ لە دەستی شەكێكی دەبڕی ولێی دەخوارد ، جا كە بانگ درا بۆ نوێژ چەقۆكەی دانا و نوێژی كرد و دەست نوێژی نەگرتەوە [رواه البخاري (٢٠٨/٣١١/١) مع الفتح ومسلم (٣٥٥/٢٧٤/١) وهذا لفظه].

**شەشەم : بۆ هەموو نوێژێك** ، لە بەر فەرموودەكەی (بُرَيْدَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **كَانَ النَّبِي(ﷺ) يَتَوَضَّأُ عِنْدَ كُلِّ صَلاة ، فَلَمَّا كَانَ يَوْمَ الفَتْحِ تَوضَّأَ وَصَلَّى الصَّلَوَات بِوُضُوءٍ وَاحِدٍ . فَقَالَ لَهُ عُمَر: يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّكَ فَعَلْتَ شَيْئَاً لَمْ تَكُنْ تَفْعَلُهُ ؟ فَقَالَ: عَمْدَاً فَعَلْتُهُ يَا عُمَر** )) واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ هەموو

نوێژێك دەست نوێژی دەگرت ، جا كە ڕۆژی (فَتْح)ی(مَكَّـه) هـات دەسـت نوێـژی گـرت ومەسحی لە سەر هەردوو(خُف)ەكانی كرد وهەموو نوێژەكانی بە یەك دەست نوێژ كـرد ، جـا (عُمَـر) پێـی ووت: ئـەی پێغەمبـەری خـوا تـۆ ئـەمڕۆ شـتێكت كـرد لـە پێـشدا نەتـدەكرد ؟ ئـەویش فـەرمووی: بـە قەسـتەوە كـردم ئـەی (عُمَـر) . [رواه مسلم (٢٧٧/٢٣٢/١) وغيره)].

**حەوتەم : لە كاتی هەموو دەست نوێژ شكاندنێكدا** ، لە بەر فەرموودەكـەی (بـلال) (خـوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (( **بِمَا سَبَقْتَنِي إِلَى الجَنَّةِ ، إِنِّي دَخَلْتُ البَارِحَةَ الجَنَّةَ فَسَمِعْتُ خَشْخَشَتَكَ أَمَامِي ؟ فَقَالَ بِلالُ: يَا رَسُولَ اللهِ مَا أَذَنْتُ قَط إِلَّا صَلَّيْتُ رَكْعَتَيْنِ ، وَلاَ أَصَابَتْنِي حَدَثٌ قَط إِلاَّ تَوَضَّأْتُ عِنْدَهُ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ** (ﷺ): **لِهَذَا** )) واتە: بە چی پێشم كەوتی لـە بەهەشـت ئـەی (بـلال) من دوێنی چومە بەهەشتەوە جا كوێم لە خشخشەت بـوو لـە پێـشمەوە ؟ (بـلال)یـش ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا هەر كاتێك بانگم دابێت ئیللا لە پاشیدا دوو ڕكـات نوێـژم كردوە ، وە هـەر كـاتێكیش دەسـت نوێـژم شـكابێت ئـیللا لـەو كاتـەدا دەسـت نوێـژم گرتۆتـەوە ، جـا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: لـە بـەر ئەوەیـە [رواه الترمذي (٣٧٧٢/٢٨٢/٥) وهو حديث صحيح برِوانه صحيح الجامع (٧٨٩٤)].

**هەشتەم : پاش ڕشانەوە** ، لە بەر فەرموودەكەی (مَعْدَانُ بنُ أَبِي طَلْحَةَ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاء) (خوای لێ رازی بێت) (( **أَنَّ رَسُولَ اللهِ**(ﷺ) **قَاءَ فَأَفْطَرَ فَتَوَضَّأَ**..)) واتە: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕشـایەوە جـا ڕۆژووەكـەی شـكاند و دەسـت نوێـژی گرتـەوە [رواه الترمذي (٨٧/٥٨/١) وإسناده صحيح برِوانه تمام المنة (ل ١١١)].

**نۆیەم : پاش مردو هەڵگرتن** ، لە بەر فەموودەكەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): (( **مَنْ غَسَلَ مَيِّتَاً فَلْيَغْتَسِلْ وَمَنْ حَمَلَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ** )) واتە: هەر كەسێك مردوویـەكی شـۆردەوە بـا خـۆی بـشۆرێت وە هـەر كەسـێك هـەڵیگرت بـا دەسـت نوێـژ بگرێتـەوە [رواه احمد (٤٨٦/١٤٥/٢) وغيره].

وە ئەم فەرمانەیشە بۆ سوننەتە ، لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) كەوا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لَيْسَ عَلَيْكُمْ فِي غُسْلِ مَيِّتِكُمْ غُسْلٌ إِذَا غَسَلْتُمُوهُ**...))

واتە: پێویست نییە لـە سـەرتان خۆتـان بـشۆن ئەگـەر مردوویـەكتان شـۆردەوە [رواه الحاكم (١/٣٨٦) والبيهقى (٣/٣٩٨) وهو حديث حسن بروانه أحكام الجنائز للألبانى (ل ٥٣)].

# خۆ شۆردن (الغُسْل)

## ئەوەی خۆشۆردن پێویست دەكات ( مُوجِبَاتُ الغُسْل )

### موسوڵمان بوون[٥١] ودابەزینی(مَني)بە ئارەزووەوە ئەگەر لە خەویشدا بێت [٥٢]

(٥١) لە بەر فەرموودەكەی(قَيْسُ بنُ عَاصم)(خوای لێ رازی بێت) فـەرمووی: (( **أَتَيْـتُ النَّبِـيَّ** (ﷺ) **أُرِيْـدُ الإِ سْـلامَ ، فَـأَمَرَنِي أَنْ أَغْتَـسِلَ بِمَـاءٍ وَسِـدْرٍ** )) واتـە: كـەوا كاتێـك موسوڵمان بوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ كـرد خـۆی بـشوات بـە ئـاو و بـە(سِدْر) [رواه النسائى (١/١٠٩/١٨٨) والترمذى (٢/٥٠٢/٦٠٥) وابوداود (١/٢٥١/٣٥٥)وغيرهم وهو حديث صحيح بروانـه الإرواء (١/١٢٨)].

وە لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا (ثُمَامَـة الحَنَفـي) بـە دیل گیرا ، وە پیغەمبەری خوا (ﷺ) بەنیانیان دەیدا بە لایدا و دەیفەرموو: (( **مَا عِنْدَكَ يَا ثُمَامَـة** ؟ )) واتە: چیت پێیە ئەی (ثُمَامَـة) ؟ ئـەویش دەیـووت: (( **إِنْ تَقْتُـلْ تَقْتُـلْ ذَا دَمٍ ، وَإِنْ تَمْنُنْ تَمْنُنْ عَلَـى شَـاكِرٍ ، وَإِنْ تُـرِدِ المَـالَ نُعْطِـكَ مِنْـهُ مَـا شِـئْتَ** )) واتـە: ئەگـەر بكوژیت ئەوە خاوەن خوێنێك دەكوژیت ، وە ئەگەر مننەتیش بكەیت — بەوەی بە بـێ پـارە ئازادم بكەی — ئەوە مننەت دەكەیت بە سەر یەكێكدا سوپاس كەرە ، وە ئەگـەر پـارەتیش

دەوێت ، ئەوە چەندت دەوێت پێت دەدەین . وە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێیان خۆش بوو بە پارە ئازاد بكرێت ، دەیانووت : ئێمە چی بە كوشتنی ئەمە بكەین ؟ جا رۆژێكیان پێغەمبەر خوا(ﷺ) دای بەلایدا ، موسوڵمان بوو ، جا ئازادی كرد و ڕەوانە باغەكەی (أَبُو طَلْحَة)ی كرد ، و فەرمانی پێكرد خۆی بشوات ... [رواه أحمد وهو حديث صحيح أصله عند الشيخين بروانه فقه السنة (٥٨/١)].

(٥٢) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( **إِنَّمَا المَاءُ مِنَ المَاءِ** )) واتە: خۆشۆردن بە ئاو پێویست دەبێت بە **هاتنەوەی ئاوی مەنی** [رواه مسلم (٣٤٣/٢٦٩/١) و أبوداود (٢١٤/٣٦٦/١) مع العون].

وە هەروەها لە بەر فەرموودەكەی (أُمّ سَلَمَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا (أُم سُلَيْم) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ، لە ڕاستیدا خوای گەورە شەرم لە حەق ناكات ، ئایە ئافرەت خۆشۆردنی لە سەرە ، ئەگەر لە خەودا لەشی گران بوو ؟ فەرمووی: (( **نَعَم ، إِذَا رَأَتِ المَاءَ** )) واتە: بەڵێ ، ئەگەر ئاوی مەنی بینی [رواه البخاري (١٣٠/٢٢٨/١) مع الفتح ومسلم (٣١٣/٢٥١/١) والترمذي (١٢٢/٨٠/١)].

وە ئارەزوو(شَهْوَة) بە مەرج دەگیرێت لە كاتی نەخەوتندا نەك خەوتن ، لە بەر ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا حَذَفْتَ المَاءَ فَاغْتَسِلْ مِنَ الجَنَابَةِ ، فَإِذَا لَمْ تَكُنْ حَاذِفَاً فَلاَ تَغْتَسِلْ** )) واتە: ئەگەر ئاوت فڕێدا ئەوە خۆت بشۆ ، وە ئەگەر فڕێت نەدا ، ئەوە خۆت مەشۆ [روا احمد (٨٢/٢٤٧/١) وإسناده حسن صحيح بروانە الإرواء (١٦٢/١)].

ئیمامی (شَوكَانِي) لە(نَيْلُ الأَوْطَار) (٢٧٥/١) دا فەرمووی: ئەو سیفەتەیشە تەنها لە كاتی ئارەزوودا هەیە ، بۆیە (المُصَنِّف) – كە خاوەنی كتێبی(مُنْتَقَى الأَخْبَار)ە – ووتویەتی: ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو ئاوە بە ئارەزووەوە دەرنەچوو ، ئیتر بە هۆی نەخۆشیەوە بێت یان بە هۆی سەرماوە ، ئەوە خۆشۆردن پێوست ناكات .

**و چوونە ژوورەوەی زەكەری پیاو بە پێش(رَحْم)ی یان پاش(كۆم)ی**[٥٣] **ئافرەتدا**[٥٤] **و مردن**[٥٥]

وە ئەگەر یەكێك خەوی بینی بەڵام ئاوی نەبینی ئەوە خۆشۆردنی لە سەر نییە ، وە هەر كەسێكیش ئاوی بینی بەڵام خەوی لە یاد نەبوو ، ئەوە خۆشۆردنی لە سەرە ، لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: پرسیار كرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی پیاوێك تەڕی دەبینێت بەڵام لە یادی نییە كەوا خەوی بینی بێت ؟

ئەویش فەرمووی: (( يَغْتَسِل )) واتە: خۆی دەشوات ، وە لە بارەی پیاوێكەوە وادەبینێت خەوی بینیوە بەڵام هیچ تەڕییەك نابینێت ؟ ئەویش فەرمووی: (( لاَ غُسْلَ عَلَيْه )) واتە: خۆشۆردنی لە سەر نییە [رواه الترمذي (١/٧٤/١١٣) وأبوداود (١/٣٩٩/٢٣٣) مع العون وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح أبی داود (٢١٦)].

(٥٣) حەرامە لە سەر پیاو جیماع لە گەڵ ژنەكەیدا بكات لە پاشەوە ، ئەگەر زەكەری بخاتە كۆمێوە ، بە دەقی ئایەتی قورئان وفەرموودەی (صَحِيْح)ی پێغەمبەریخوا (ﷺ) بڕوانە [تفسيری (إبن كثير) تەفسيری ئايەتی (٢٢٢) ی سورەتی البقرة]، بەڵام دروستە لە پاشەوە جیماعی لە گەڵدا بكات بەو مەرجەی جیماعەكە لە شوێنی منداڵ بوونەوە بێت(ڕەحم) .

(٥٤) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِها الأَرْبَعَ ثُمَّ جَهَدَهَا فَقَدْ وَجَبَ عَلَيْهِ الغُسْلُ )) واتە: ئەگەر لە نێوان هەرچوار پەلیدا دانیشت ، پاشان كۆششی لە گەڵدا كرد — بەوەی زەكەری بخاتە ڕەحمی ئافرەتەكەوە — ئەوە خۆشۆردنی لە سەر پێویست بووە ، با (مَنِي)یشی دانەبەزێت [رواه مسلم (١/٢٧١/٣٤٨)].

(٥٥) واتە ئەگەر موسوڵمانێك مرد ، ئەوە پێویست دەبێت لە سەری موسوڵمانانی دەوروبەری بیشۆنەوە ، لە بەر فەرموودەكەی (أُمُّ عَطِيَّةَ الأنْصَارِيَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێك كە كچەكەی وەفاتی كرد هاتە ژوورەوە وفەرمووی: (( إِغْسِلْنَهَا ثَلاَثاً ، أَوْ خَمْساً ، أَوْ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ إِنْ رَأَيْتُنَّ ذَلِكَ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ وَاجْعَلْنَ فِي الآخِرِةِ كَافُوراً ، أَوْ شَيْئَاً مِنْ كَافُورٍ ، فَإِذَا فَرَغْتُنَّ فَآذِنَنِي )) واتە: بیشۆنەوە سێ جار یان پێنج جار یان زیاتر ئەگەر خۆتان بە باشتان بینی بە ئاو وبە كنار (سِدْر) ، وە دوایین جاریشی كافوری تێكەڵ بكەن [رواه البخاری (٣/١٢٥/١٢٥٣) ومسلم (٢/٦٤٦/٩٣٩)].

وە لە بەر فەرموودەكەی(إِبْنُ عَبَّاس)(خوایان لێ رازی بێت) كەوا پیاوێك ووشترەكەی لەقەی لێدا ، وە ئێمەش لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا بوین (ﷺ) كە لە(إِحْرَام) بوو ، جا فەرمووی: (( إِغْسِلُوهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ ، وَكَفِّنُوهُ فِي ثَوْبَيْنِ ، وَلا تَمَسُّوهُ طِيْبَاً ، وَلا تُخَمِّرُوا رأْسَهُ ، فَإِنَّ اللهَ يَبْعَثُهُ يَوْمَ القِيَامَةِ مُلَبِيَاً )) واتە: بیشۆنەوە بە ئاو وبە(سِدْر) وە(كَفْن)ی بكەن لە دوو بەرگدا ، وە بۆنی لێ مەدەن ، وە سەریشی دامەپۆشن ، چونكە لە ڕۆژی دواییدا خوای

گـەورە زينـدوی دەكاتـەوە بـە (( لَبَيْـكَ اللَّهُـمَّ ... )) [رواه البخـارى (١٢٦٧/١٣٧/٣) ومـسلم (١٢٠٦/٨٦٥/٢)].

## وبڕانی خوێنی حەیز [٥٦] و زەیسانی [٥٧] ونوێژی جومعه [٥٨]

(٥٦) له بەر فەرموودەكـەی (عَائِشَة) (خـوای لیّ رازی بیّـت) كـەوا پیّغەمبـەر (ﷺ) بـە (فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْش)ی فەرموو: (( **إِذَا أَقْبَلَتِ الحَيْضَةُ فَدَعِي الصَّلاةَ ، وَإِذَا أَدْبَرَت فَاغْتَسِلِي وَصَلِّي** )) واته: ئەگەر تووشی حەیز بوویت ، ئەوە واز له نوێژ بێنه ، وه ئەگەر كۆتایشی پیّ هات ، ئەوە خۆت بشۆ و نوێژ بكه [رواه البخارى (٣٠٦/٤٠٩/١) ومسلم (٣٣٣/٢٦٢/١) وغيرهما والفاظ غير البخارى (( **فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ وَصَلِّي** )) ].

(٥٧) زەیسانی وەكو حەیز وایه به یەكڕای(إِجْمَاع)ی زانایانی ئیسلام [ بروانه المجوع شرح المهذب (١٤٨/٢) للنووى ].

(٥٨) له بەر فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْد) (خـوای لیّ رازی بیّت) كـەوا پیّغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( **غُسْلُ الجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ** ... )) واته: خۆشۆردنی جومعـه پیّویسته له سەر هەموو موسوڵمانێكی پیّ گەیشتوو ... [رواه الجماعة].

**تێبینی:**

خۆشۆردنی جومعه مەرج (شَرْط) نییه بۆ نوێژی جومعه به یەكڕای(إِجْمَاع)ی زانایـانی ئیسلام ، بەڵام زانایان لەوە دا جیاوازن ئایه پێویست(وَاجِب)ە یان سوننەتە.

**ئەوانـەی كـە دەڵـێن: پێویـست (وَاجِـب)ە زیـاتر ئـەم بەڵگانـەیان بـە دەستەوەیە:**

**یەكـەم:** عَـنْ (إِبْـنُ عُمَـر) قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ الله (ﷺ): (( **إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ إِلَى الجُمُعَةِ فَلْيَغْتَسِلْ** ))واته: ئەگەر یەكێكتان هاتن بۆ جومعه با خۆی بشوات [رواه الجماعة].

**دووەم:** عَـنْ أَبِـي سَـعِيْد أَنَّ النَّبِـيَّ (ﷺ) قَـالَ: (( **غُسْلُ الجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ وَالسِّوَاكُ وَأَنْ يَمَسَّ مِنَ الطِّيبِ مَايَقْدِرُ عَلَيْه** )) واته: خۆشۆردنی جومعه پێویسته له سەر هەموو پێگەیشتوویەك ، وه سیواك كردنیش ، وه بۆنیش لـه خـۆی بـدات هـەر چەندێك توانای لیّ بێت [متفق عليه].

**سێیەم:** عَنْ أَبِي هُرَيْرَة عَنْ النَّبِيّ (ﷺ) قَالَ: (( **حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ أَنْ يَغْتَسِلَ فِي كُلِّ سَبْعَةِ أَيَّامٍ يَوْمَاً يَغْسِلُ فِيهِ رَأْسَهُ وَجَسَدَهُ** )) واتـه: حەققـه لـه سـەر هـەموو موسوڵمانێك كەوا له حەوت ڕۆژ جارێك ڕۆژێك دیاری بكات ، خۆی تێدا بشوات ، سـەر و لاشەی بشوات [متفق عليه].

**چوارەم:** عَنْ إِبْنِ عُمَر : (( **بَيْنَمَا هُوَ (عُمَر) قَائِمٌ مِنَ الخُطْبَةِ يَوْمُ الجُمُعَةِ إِذْ دَخَلَ رَجُلٌ مِنَ المُهَاجِرِيْنَ الأَوَّلِيْن ، فَنَادَاهُ عُمَر: أَيَّةُ سَاعَةٍ هَذه ؟ فَقَالَ: إِنِّى شَغَلْتُ فَلَمْ أَنْقَلِبُ إِلَى أَهْلِى حَتَّى سَمِعْتُ التَّأْذيْن فَلَمْ أَزِدْ عَلَى أَنْ تَوَضَّأْتُ ، قَالَ: وَالوُضُوءُ أَيْضَا وَقَدْ عَلِمْتَ أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) كَانَ يَأْمُرُ بِالغُسْلِ** )) واتە: (عُمَر) لە سەر مینبەرەوە ووتاری جومعەی دەدا ، پیاوێك لە كۆچەرە پێشینەكان هاتە ژووری مزگەوتەوە ، جا (عُمَر)یش بانگی لێ كرد: ئێستا چی كاتێكە دێیت بۆ مزگەوت ؟ ئەویش ووتی: زۆر سەر قاڵ بووم ، جا نەگەڕامەوە بۆ ماڵ تا دەنگی بانگم بیست ، جا لە دەست نوێژ زیاتر هیچی ترم نەكرد ، جا ئەویش ووتی: دەست نوێژیشت گرتوە ، وە دەیشزانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی بە خۆشۆردن دەكرد [ متفق علیه ].

وە ئەو پیاوە كۆچەرە ئیمامی (عُثْمَان) بوو ، وەك لە هەندێ ڕیوایەتی فەرموودەكەدا هاتوە.

**وە ئەوانەیش كە دەڵێن سوننەتە زیاتر ئەم بەڵگانەیان پێیە:**

**یەكەم:** عَنْ سَمُرَة بنُ جُنْدُب أَنَّ نَبِىَ الله (ﷺ) قَالَ: (( **مَنْ تَوَضَّأَ لِلْجُمُعَةِ فَبِهَا وَنِعْمَتْ ، وَمَنْ إِغْتَسَلَ فَذَلِكَ أَفْضَلُ** )) واتە: هەر كەسێك دەست نوێژ بگرێت بۆ جومعە ، ئەوە تەواوە وچاكی كردوە ، وە هەر كەسێكیش خۆی بشوات ئەوە چاكترە [ رواه الخمسة إلا إبن ماجة فأنه رواه من حديث جابر بن سمرة].

**دووەم:** عَنْ أَوْس بنُ أَوْس الثَّقَفِي قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله (ﷺ) يُقُولُ: (( **مَنْ غَسَلَ وَاغْتَسَلَ يَوْمَ الجُمُعَةِ وَبَكَرَ وَابْتَكَرَ وَمَشَى وَلَمْ يَرْكَبْ وَدَنَا مِنَ الإِمَامِ فَاسْتَمَعَ وَلَمْ يَلْغِ كَانَ لَهُ بِكُلِّ خُطْوَةٍ عَمَلُ سَنَةٍ أَجْرَ صِيَامِهَا وَقِيَامِهَا** )) واتە: هەر كەسێك خۆی بشوات بە جوانی لە ڕۆژی جومعە دا ، وە زوو بڕوات بۆ مزگەوت ، وە بە پێ بڕوات وسواری هیچ نەبێت ، وە نزیكی ئیمام دانیشێت ، جا گوێ بگرێت و قسە نەكات لە كاتی ووتار دانی ئیمامدا ، ئەوە بە گشت هەنگاوێكی پاداشتی كردەوەی ساڵێكی بۆ هەیە بە ڕۆژوو و شەو نوێژەكانیەوە [رواه الخمسة ولم يذكر الترمذى (**مَشَى وَلَمْ يَرْكَبْ**)].

..................................

---

**جا فەرموویانە:** ئەم فەرموودەیەی (سَمُرَة) و فەرموودەكەی (أَوْس) (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەو فەرمانانە لە پێویست(وَاجِب)ەوە لا دەدەن بۆ سوننەت ، وە هەورەها دڵێن: فەرموودەكەی (عُمَر) (خوای لێ رازی بێت) كە (إِنْكَار)ی لە (عُثْمَان) كرد وە فەرمانی پێ نەكرد بڕواتەوە خۆی بشوات ، بەڵگەیە لە سەر ئەوەی سوننەتە ! ! وە هەروەها دەڵێن: فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْد) كەوا دەفەرمێ: خۆشۆردن (وَاجِب)ە ، بە ئاشكرا

(عَطْف)ی سیواك كردن وبۆن لە خۆدانی لە سەر كراوە ، كە بە (إجْمَاع) سوننەتن ، كەوا بوو ئەو (لَفْظ)ی (وَاجِب)ە ، بۆ زیاتر جەخت(تَأْكِيْد)كردنە لە سەر ئەو سوننەتە ! ! .

**بەلام ئەوانەی دەلێن: خۆشۆردنی (جُمْعَة) پێویست(وَاجِب)ە لە وەلامیاندا دەلێن:** فەرموودەكانی (وَاجِب) بوون زۆر بە هێزە وئاشكرایە ، بەلام فەرموودەكەی (سَمُرَة) (سَنَد)ەكەی زۆر بە هێز نییە ، وە (دلالَة)كەی زۆر ڕوون نییە ، پاشان كاتێك ئێمە بە دوای (قَرِيْنَە)دا دەگەڕێین ئەگەر بە راشكاوی (صَرَاحَة) نەیفەرمووبێت خۆشۆردنی جومعە پێویستە ، جا كاتێك ئاوا بە (صَرَاحَة) بفەرمووێت (وَاجِب)ە ، ئیتر پێویست ناكات بە دوای (قَرِيْنَةُ الصَّارِفَە)دا بگەڕێیت . وە لەوانەیە (( **وَمَنْ تَوَضَّأَ** )) بۆ كەسێك بێت كە لە پێشدا خۆی شوردبێت ، بەلام دەست نوێژی شكابێت ، وە (إبْنُ دَقِيْقُ العِيْد) وەلامیان دەداتەوە و دەفەرمێ: كاتێك واز لە (ظَاهِر) ی (لَفْظ)ی (( **وَاجِب** )) و (( **حَقٌّ عَلَى** )) دەهێنرێت و (صَرْف) دەكرێت بۆ (تَأْكِيْد) ئەگەر فەرموودە (مُعَارِض)ە كە (رَاجِح)تر بێت لە (دلالَة)دا ، بەلام بە هێز ترین بەلگەیان كە (مُعَارِض)ەی ئەم فەرموودانەی پێ دەكەن فەرموودەكەی (سَمُرَة)یە كە (سَنَد)ەكەی بەرگری (سَنَد)ی ئەم فەرموودانە ناكات . وە فەرموودەكەی (عُمَر)یش كە (إنْكَار)ی لە (عُثْمَان) كرد و فەرمووی: بە تەنها دەست نوێژیشت گرتوە ، وە تۆیش دەزانیت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە خۆشۆردن كردوە ، ئەمە خۆی بۆ خۆی بەلگەیەكی ئاشكرایە كەوا هاوەلانیش هەر بەو شێوەیە تێگەیشتوون كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە خۆشۆردنی (جُمُعَة) كردوە ، وە فەرمان نەكردنی (عُمَر) بە (عُثْمَان) كەوا بڕواتەوە خۆی بشوات ، لە بەر ئەوە بووە كەوا كاتی ئەوە نەمابوو ، ئەگەر بڕوایتەوە بۆ خۆشۆردن ئەوە (جُمْعَە)كەی لە دەست دەردەچوو .

وە لای هەمووانیش زانراوە كە خۆشۆردن بۆ (جُمُعَة) مەرج(شَرْط) نییە بۆ (جُمُعَە) كردنەكە ، بەلكو پێویست(وَاجِب)ە ، واتە: نەكردنی بە قەستیشەوە تەنها تاوان بار دەبێت ، بەلام نوێژی(جُمُعَە)ەكەی پێ بەتاڵ نابێتەوە ، ئەمە ئەگەر بە قەستیشەوە غوسل نەكات ، جا ئەگەر بە قەستەوە نەبێت ئەوە تاوان باریش نابێت .

وە بۆ فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْد) كە دەلێن: (عَطْف)ی سوننەتی كراوەتەسەر ،

## پایەكانی خۆشۆردن ( أَرْكَانُ الغُسْل )

**نیەت [٥٩] و تەڕ بوونی هەموو لاشە[٦٠]**

(إبْنُ الجَوْزِي) لە وەڵامیاندا دەفەرمێ: هیچ قەدەغەیەکی تێدا نییە کەوا (عَطْف)ی شتێکی سوننەت بکرێتە سەر شتێکی (وَاجِب) ، بە تایبەتی کاتێك کە حوکمی (مَعْطُوف)کە بە (صَرَاحَة) نەوتراوە . جا ئەمەش ڕای (شَوكَانِي) و (صَنْعَانى) و (أَلْبَانِى) یە ، کە ئەوانیش لە زانا پێشینەکانەوە وەریان گرتوە . (النَّوَوِي) دەفەرمێ: فَحُكِيَ وُجُوبَهُ عَنْ طَائِفَةٍ مِنَ السَّلَفِ حَكَوْهُ عَنْ بَعْضِ الصَّحَابَةِ .

وە (ظَاهِر)ێکانیش وا دەڵێن ، وە(إبْنُ المُنْذِر) لە (مَالِك)ەوە دەیگێڕێتەوە ، وە هەروەها لە (أَبُو هُرَيْرَة) و (عَمَّار) و کەسانی تریشەوە دەیگێڕنەوە ، وە (إبْنُ حَزْم)یش دەیگێڕێتەوە لە (عُمَر) و کۆمەڵێکی تر لە هاوەڵان و پاش ئەوانیش ، وە ئەمەشیان گێڕاوەتەوە لە (إبْنُ خُزَيْمَه)یشەوە ، وە (الخَطَابِى)یش لە (حَسَنُ البَصْرِي ومَالِك)ەوە دەیگێڕێتەوە .

جا بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم مەسەلەیە [ بڕوانە(نيل الأوطار للشوكاني ٢٧٢/١) و (سبل السلام للصنعاني ١٤١/١) و (المحلى لإبن حزم ٢/المسألة ١٧٨) و (تمام المنة للألبانى ل ١٢٠) ].

(٥٩) لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٣١).

(٦٠) لە بەر فەرموودەکەی (عَائَشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ رَسُولُ الله (ﷺ) إذَا إغْتَسَلَ مِنَ الجَنَابَة ، يَبْدَأُ فَيَغْسِلُ يَدَيْه ، ثُمَّ يُفْرِغُ بِيَمِيْنه عَلَى شمَاله ، فَيَغْسِلُ فَرْجَهُ ثُمَّ يَتَوَضَّأُ وُضُوءَهُ للصَّلاة ، ثُمَّ يَأْخُذُ المَاءَ فَيُدْخِلُ أَصَبِعَهُ فِي أُصُلِ الشَّعْرِ حَتَّى إذَا رَأَى أَنْ قَدْ إسْتَبْرَأَ ، حَفَنَ عَلَى رَاْسِه ثَلاثَ حَفَنَاتٍ ، ثُمَّ أَفَاضَ عَلَى سَائِرِ جَسَدِه ، ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيْه** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر خۆشۆردنی لەش گرانی بکردایە ، لە پێشدا هەردوو دەستی دەشۆرد ، پاشان بە دەستی ڕاستی ئاوی دەکردە دەستی چەپیدا و عەورەتی پی دەشۆرد ، پاشان دەست نوێژی دگرت وەکو دەست نوێژی نوێژ ، پاشان ئاوی هەڵدەگرت جا پەنجەکانی دەخستە بنی مووی سەری تا ئەگەر بیبینیایە ئاو گەیشتووتە پێستی سەری ، ئەوە سێ گوێڵ ئاوی دەرکردە سەریدا ، پاشان ئاوی دەکردە هەموو لاشەیدا ، پاشان هەردوو پیی شۆرد [رواه البخارى (٢٤٨/٣٦٠/١) و مسلم (٣١٦/٢٥٣/١) وهذا لفظه].

## تێبینی:

پێویست نییە لە سەر ئافرەت پەلکەکانی هەڵوەشێنێتەوە بۆ خۆشۆردنی لەش گرانی ، بەڵام دەبێت بیکاتەوە بۆ خۆشۆردنی حەیزو زەیسانی ، لە بەر فەرموودەکەی (أُمُّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ، من ئافرەتێکم پەلکەکانی

سەرم توند دەكەم ، ئایا هەڵیوەشێنمەوە بۆ خۆشۆردنی لەش گرانی ؟ فەرمووی: (( **لا ، إِنَّمَا يَكْفِيْكَ أَنْ تَحثِي عَلَى رَأْسِكِ ثَلاثُ حَثَيَاتٍ ثُمَّ تَفِيْضِيْنَ عَلَيْكِ المَاءَ فَتَطْهُرِيْن** )) واتە: نەء ، تەنها بەستە كەوا سێ گوێڵ بكەیتە سەرتدا ، پاشان ئاو بە هەموو لاشەت بكەی ، جا پاك دەبیتەوە [رواه مسلم (١/٢٥٩/٣٣٠) وأبوداود (١/٢٤٨/٤٢٦) وغيرهما].

# پێویستەكانی خۆشۆردن ( وَاجِبَاتُ الغُسْل )

**بە ناوی خوا دەست پێ كردن [٦١] و دەست نوێژ گرتن [٦٢].**

# سوننەتەكانی خۆشۆردن ( سُنَنُ الغُسْل )

**دەست هێنان بە هەموو لاشەدا [٦٣] ، پێش خستنی ڕاست لە شۆردندا [٦٤]**

وە فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا (أَسْمَاء) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كرد لەبارەی خۆشۆردنی حەیزەوە، جا فەرمووی: (( **تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَ هَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ ، فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ، ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكَاً شَدِيْدَاً ، حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُنَ رَأسِهَا ، ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَا المَاءَ ، ثُمَّ تَأْخُذُ فِرْصَةً مُمْسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا** )) واتە: هەر یەكێكتان ئاوەكەی و (سِدْر)ەكەی ئامادە دەكات ، جا دەست نوێژێكی جوان دەگرێت ، پاشان ئاو دەكاتە سەریدا جا بە چاكی دەستی پێدا دەهێنێت ، تا دەگاتە بنی سەری پاشان ئاوی پێدا دەكات وپارچە پەمویەكی بۆن پێدا كراو دەگرێتە دەستەوە وخۆی پێ پاك دەكاتەوە . جا (أَسْمَاء) ووتی: چۆن خۆی پێ پاك بكاتەوە ؟ ئەویش فەرمووی: (( **سُبْحَانَ اللهِ تَطَهَّرِيْنَ بِهَا** ، )) واتە: (سُبْحَانَ الله) خۆتی پێ پاك بكەرەوە ، جا (عَائِشَة) ووتی : – وەكو بیەوەیٚ بیشارێتەوە – شوێنەواری خوێنەكەی پێ پاك دەكەیتەوە ، هەروەها پرسیاری لە بارەی خۆشۆردنی لەش گرانیەوە لێ كرد ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی (( **تَأْخُذُ مَاءً فَتَطَهَّرُ ، فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ، أَوْ تُبْلِغُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ ، حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُنَ رَأْسِهَا ، ثُمَّ تُفِيْضُ عَلَيْهَا المَاءَ** )) واتە: ئاوەكەی دەبات دەست نوێژی پێ دەگرێت ، پاشان ئاو دەكاتە سەریدا و دەستی تێ دەخات تا دەگاتە بنی سەری ، پاشان ئاوی پێدا دەكات ، جا (عَائِشَة) فەرمووی : چاكترین ئافرەتان ئافرەتانی (أَنْصَار)ە ، شەرم قەدەغەی ئەوەی لێ نەدەكردن كەوا لە ئایین تێ بگەن [رواه مسلم (١/٢٦١/٣٣٢)].

(٦١) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) بڕوانە (پ ٣٤).

(٦٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) بڕوانە (پ ٦٠) .

وە لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) کەوا فەرمووی: (مَيْمُونَة) فەرمووی: (( **وَضَعْتُ لِلنَّبِي (ﷺ) مَاءً لِلغُسْلِ ، فَغَسَلَ يَدَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلاثاً ، ثُمَّ أُفْرِغَ عَلَى شِمَالِه فَغَسَلَ مَذَاكِيْرَهُ ، ثُمَّ مَسَحَ يَدَهُ بِالأَرْضِ ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ ، وَغَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ ، ثُمَّ أَفَاضَ عَلَى جَسَدِه ، ثُمَّ تَحَوَّلَ مِنْ مَكَانِه فَغَسَلَ قَدَمَيْهِ** )) واتە: ئاوی خۆشۆردنم بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانا ، جا هەردوو دەستی دوو جار یان سێ جار شۆرد ، پاشان ئاوی کردە سەر دەستی چەپیدا وعەورەتی پێ شۆرد ، پاشان دەستی ساوی بە زەویدا ، پاشان ئاوی هەڵدا بە دەم ولووتیدا ، پاشان ڕوومەت و هەردوو دەستی شۆرد ، پاشان ئاوی بە سەر هەموو لاشەیدا کرد ، پاشان جێگەکەی خۆی گۆڕی و هەردوو پێی شۆرد [رواه البخاری (١/ ٣٦٨/ ٢٥٧) ومسلم (١/٢٥٤/٣١٧)].

(٦٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن زَيْد عَاصِم المَازِنِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **رَأَيْتُ النَّبِيَ(ﷺ) يَتَوَضَّأُ فَجَعَلَ يَدْلُكُ ذِرَاعَيْهِ** ))واتە: بينيم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست نوێژی دەگرت ، جا بە هەردوو دەستی باڵی دەساوی [رواه إبن حبان (٣/٣٦٣) والطيالیسي (١٤٨/١٠٩٩) ومن طريقه رواه احمد (٤/٣٩) وإسناده صحيح بروانه الأدلة الرضية (ل٣٨)].

(٦٤) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) بڕوانە (پ ٤٢).

**دواخستنی شۆردنی هەردوو پێ لە دەست نوێژەکەدا تا کۆتایی خۆشۆردنەکە[٦٥].**

## ئەو خۆشۆردنانەی کە سوننەتن ( الإِغْتِسَالاتُ المُسْتَحَبَّة )

**پاش مردوو شۆردنەوە[٦٦]، وە بۆ ئیحرام بەستن[٦٧]، وە پێش چوونە مەککەوە[٦٨]، وە بۆ هەردوو جەژنەکە [٦٩]،**

(٦٥) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٦٢) .

---

**تێبینی:**

دروستە ژن و مێرد پێکەوە خۆیان بشۆن لە یەك شوێندا ، وە تەماشای یەکتریش بکەن ، لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَرَسُولُ الله (ﷺ) مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ ، وَنَحْنُ جُنُبَانِ** )) واتە: من و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە یەك قاپدا خۆمان دەشۆرد ، وە هەردووکمان لەش گرانیش بووین [رواه البخاری (١/٣٧٤/٢٦٣) و مسلم (١/٢٥٦/ ٣٢١) وغيرهما].

(٦٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( **مَنْ غَسَلَ المَيِّتَ فَلْيَغْتَسِلْ ، وَمَنْ حَمَلَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ** )) واتـە: هـەر کەسێك مردووی شۆردەوە ، با خۆی بشوات ، وە هەر کەسێکیش هـەڵی گـرت ، بـا دەسـت نوێژ بگرێتەوە [رواه أبوداود (٣/٥١١/٣١٦١) والترمذي (٣/٣١٨/٩٩٣) وأبن ماجة (١/٤٧٠/١٤٦٣) وهـو حـديث صحيح بروانه صحيح إبن ماجه (١١٩٥) ].

وە ئەم فەرمانە لە(وَاجِب)ەوە لا دەدرێت بۆ سوننەت ، بە فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی : (( **لَيْسَ عَلَيْكُمْ فِي غُسْلِ مَيِّتِكُمْ غُسْلٌ إِذَا غَسَلْتُمُوهُ ، فَإِنَّ مَيِّتَكُمْ لَيْسَ بِنَجِسٍ فَحَسْبُكُمْ أَنْ تَغْسِلُوا أَيْدِيْكُمْ** )) واتە: خۆ شۆردنتان لە سەر نییە لە شۆردنەوەی مردووەکتاندا ، چونکە مردووەکەتان پیس نییە ، بەستانە تەنها دەستتان بشۆن [رواه البيهقي (٣/٣٩٨) والحاكم (١/٣٨٦) وهو حديث حسن بروانـه أحكام الجنائز (٥٣)].

(٦٧) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا (أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْس) تووشی زەیسانی بوو بە(مُحَمَّدُ بنُ أَبِي بَكْر) لە لای دارکەدا (عِنْدَ الشَّجَرَة) ، جـا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە (أَبُوبَكْر) کرد کەوا (( **يَأْمُرَهَا أَنْ تَغْتَسِلَ وَتُهِلَّ** )) واتە: فەرمانی پـێ بکات خۆی بشوات وئیحرام ببەستێت [رواه مسلم (٢/٨٦٩/١٠٩)].

(٦٨) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) (( **أَنَّهُ كَانَ لاَ يَقْدُمُ مَكَّةَ إِلاَّ بَاتَ بِذِي طُوَى حَتَّى يُصْبِحَ وَيَغْتَسِلَ ، ثُمَّ يَدْخُلُ مَكَّةَ نَهَاراً ، وَيَذْكُرُ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ فَعَلَهُ** )) واتە: کەوا نەدەچووە مەککەوە تا لە(ذِي طُوَى) ئـەو شـەوە دەمایـەوە ، پاشان کە ڕۆژ دەبویـەوە خـۆی دەشـۆرد و دەچـووە مەککـەوە بـە ڕۆژدا ، وە دەیفـەرموو: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وای دەکـرد [رواه البخـاري (٣/٤٣٥/١٥٧٣) مـع الفـتح ومـسلم (٢/٩١٩_ ٢٢٧_ ١٢٥٩) وهذا لفظه ، وغيرهما].

(٦٩) لە بەر ئەو (أَثَر)ەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پیاوێك پرسیاری لێ کرد لە بارەی غوسلەوە ؟ ئەویش فەرمووی: (( **إِغْتَسِلْ كُلَّ يَوْمٍ إِنْ شِئْتَ** )) واتـە: هـەموو ڕۆژێك خۆت بشۆ ئەگەر ویستت لێ بوو . [ رواه البيهقي بروانه الوجيز في أصول الفقه (ل٤٧) ].

وە (أَثَر)ەکەی (إِبْنُ عُمَر)(خوایان لێ ڕازی بێت) (( **أَنَّهُ كَانَ يَغْتَسِلُ يَوْمَ الفِطْرِ قَبْلَ أَنْ يَغْدُوا إِلَى المُصَلَّى** )) واتە: کەوا غوسلی دەکرد ڕۆژی جەژن پێش ئـەوەی بڕۆیـشتایە بۆ شوینی نوێژی جەژن . [ رواه الأمام مالك في الموطأ (١/١٧٧/٢) والأمام الشافعي في الأم (١/٢٦٥) وهو أثـر صحيح بروانه الأدلة الرضية (ل٣٩) ].

**وە پاش هاتنەوە هۆش لە بێهۆشی** (٧٠) **وە بۆ دووبارە کردنەوەی (جِمَاع) کردن** (٧١)**، وە ئافرەتی (مُسْتَحَاضَة) بۆ هەموو نوێژێك** (٧٢) **، وە بۆ (دَفْن)کردنی(مُشْرِك)** (٧٣).

(٧٠) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێ هۆش کەوت ، جا – کە هاتەوە هۆشی خۆی– فەرمووی: (( **أَصَلَّى النَّاسُ** ؟ )) واتە: خەڵکی نوێژیان کرد ؟ ووتمان: نەء ، چاوەڕوانی تۆ دەکەن ئەی پێغەمبەری خوا ، جا فەرمووی: (( **ضَعُوا لِيَ المَاءَ فِي المِخْضَبِ** )) واتە: ئاووم بۆ بخەنە سەر لە (مِخْضَب)ەکەدا – کە قاپی ئاو گەرم کردنە – ، (عَائِشَة) فەرمووی: ئێمەش ئاومان بۆ ئامادەکرد ، جا خۆی شۆرد ، پاشان ڕۆیشت بۆ نوێژ بچێت جارێکی تر بی هۆش کەوتەوە ، پاشان هاتەوە هۆشی خۆی ، جا فەرمووی: (( **أَصَلَّى النَّاسُ** ؟ )) واتە: ئایا خەڵکی نوێژیان کرد ؟ ، ئێمەش ووتمان: نەء ، چاوەڕوانی تۆ دەکەن ئەی پێغەمبەری خوا ، جا فەرمووی: (( **ضَعُوا لِيَ المَاءَ فِي المِخْضَبِ** )) واتە: ئاووم بۆ بخەنە سەر لە( مِخْضَب)ەکەدا ، جا دانیشت خۆی شۆرد ، پاشان ڕۆیشت بۆ نوێژ بچێت جارێکی تر بی هۆش کەوتەوە ، پاشان هاتەوە هۆشی خۆی ، جا فەرمووی: (( **أَصَلَّى النَّاسُ** ؟ )) واتە: ئایا خەڵکی نوێژیان کرد ؟ ، ئێمەش ووتمان: نەء ، چاوەڕوانی تۆ دەکەن ئەی پێغەمبەری خوا ، جا فەرمووی: (( **ضَعُوا لِيَ المَاءَ فِي المِخْضَبِ** )) واتە: ئاووم بۆ بخەنە سەر لە( مِخْضَب)ەکەدا ... [رواه البخاري (١/١٧٢/٦٨٧) ومسلم (١/٣١١/٤١٨)].

(٧١) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو رَافِع) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەوێك گەڕا بە سەر هەموو خێزانەکانیدا ، لە لای هەر یەکێکیان خۆی دەشۆرد ، جا (أَبُو رَافِع) ووتی: منیش ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ، بۆ چی بۆ هەموویان یەك جار خۆت ناشۆریت ؟ ئەویش فەرمووی: (( **هَذَا أَزْكَى وأَطْيَبُ وأَطْهَرُ** )) واتە: ئەمەیان جوانترە وچاکترو پاکترە [(رواه ابوداود) (١/٣٧٠/٢١٦) وإبن ماجه (١/١٩٤/٥٩٠) بروانە وهو حديث حسن بروانە صحيح إبن ماجه (٤٨٠)].

(٧٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا (أُمُّ حَبِيْبَة) تووشی نەخۆشی ئافرەتان(إِسْتِحَاضَة)هات لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) (( **فَأَمَرَهَا بِالغُسْلِ لِكُلِّ صَلَاةٍ** )) واتە: جا فەرمانی پێ کرد کەوا بۆ هەموو نوێژێك خۆی بشوات [رواه أبوداود (١/٤٨٣/٢٩٢) بروانە وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابى داود (٢٦٩)].

وە ئەم فەرمان(أَمْر)ە بۆ پێویست(وَاجِب) نییە بەڵکو بۆ سوننەتە ، چونکە لە ریوایەتی ئیمامی[(مُسْلِم)(١/رقم/٣٣٤) ]دا (عَائِشَة) دەفەرمێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی

فەرمووی: (( **أُمْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ، ثُمَّ إغْتَسِلِي وَصَلِّي** )) واتـە: بـە ئەندازەی ئەوەی تووشی حەیز دەبووی تێیدا دانیشە ، پاشان خۆت بشۆ – و نوێژ بكە – ، جا بۆ هەموو نوێژێك خۆی دەشۆرد .

وە لە لای ئیمامی[(أَبُوداوُد)(١/رقم/٢٩٨) و(إبن ماجة)(١/٢٠٤/٦٢٤) وهـو صـحيح بروانـە صـحيح إبـن ماجـة(٥٠٧)]دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْش)ی فـەرموو: ((... **تَوَضَّئِي لِكُلِّ صَلاةٍ** )) واتە: ... وە بۆ هەموو نوێژێك دەست نوێژ بگرە . كەوا بوو ئەو خۆشـۆردنە (عَزِيْمَة)ە بەڵام (رُخْصَة)یش ئەوەیە بۆ هەموو نوێژێك تەنها دەست نوێژ بگرێتەوە.

(٧٣) لە بەر فەرموودەكەی ئیمـامی (عَلِي) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی بـە پێغەمبـەرم ووت: (أَبُوطَالِب) مـرد ، ئـەویش فـەرمووی: (( **إذْهَبْ فَوَارِهِ** )) واتـە: بـڕۆ بیشارەوە (دەفنی بكە) . جا كاتێك گەڕامـەوە پێـی ووتم: (( **إغْتَسِلْ** )) واتـە: خـۆت بـشۆ [رواه النسائي (١/١١٠) وأبوداود (٩/٣٢/٣١٩٨) مع العون وهو حديث صحيح بروانە أحكام الجنائز (ل ١٣٤)].

## مەسح كردن لە سەر خوف[٧٤] وگۆرەوی

## ( الْمَسْحُ عَلَى الخُفَّيْنِ وَالجَوْرَبَيْنِ )

**دەتوانرێـت لـە جیـاتی پـێ شـۆردن مەسـح بكرێـت لـە سـەر (خُـوْف)و گۆرەوی یـان هەرشـتێكی تـر جێگـەی خـوف بگرێتـەوە[٧٥]، ئەگـەر بـە دەسـت نوێژەوە لە پێ كرا بێت[٧٦]**

(٧٤) (خُوْف): لە شێوەی گۆرەوی(جَوْرَب)یە لە پێست دروست دەكرێت .

(٧٥) ئیمـامی (النَّـوَوِي) (رەحمـەتی خـوای لێ بێـت) لـە [شرح (صحيح مسلم)دا (٣/١٦٤)] دەفەرمێ: ئەو زانایانەی كە(أَهْل)ی(إجْمَاع)ن هەموویان یەكڕان لە سەر ئەوەی كە دروستـە مەسح لە سەر (خُوْف) بكرێت ، لە كاتی (سَفَر) و (حَضَر) دا ، ئیتر لـە بـەر پێویـستی بێـت یان نەء ، هەتا بۆ ئافرەتێكیش كە لە ماڵی خۆیدا بێت ، یان بـۆ كەسـێك نـەخۆش بێـت لـە سەر جێگا كـەوتبێت ، هـەر دروسـتە مەسـح بكـەن ، تـەنها (شـيْعَة) و (خَـوَارِج) نـەبێت كـە نكۆڵیـان لێ كـردوە ، ئـەوانیش گـوێ بـە جیـاواز(خِـلاف)یـان نادرێـت ، (حَـسَنُ البَـصْرِي) (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەموویەتی: هەفتا(٧٠) كەس لە هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بۆیان گێڕاومەتەوە كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەسحی لە سەر (خُوْف) كردوە .

وە باشـترین بەڵگـەش فەرموودەكـەی (جَرِيْـر)ە (خـوای لێ رازی بێـت) كـە(هَمَّـامُ بـنُ الحَارِث) دەفەرمێ: (( **رَأَيْتُ جَرِيْرُ بنُ عَبْدِ اللهِ بَالَ ، ثُمَّ تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ ثُمَّ قَامَ**

**فَصَلَّى ، فَسُئِلَ ، فَقَالَ : رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) صَنَعَ مِثْلَ هَذَا ))** واتە: بينيم (جَرِيرُ بنُ عَبْدِالله) ميزى كرد ، پاشان دەست نوێژى گرت ومەسحى لە سەر هەردوو(خُف)ە كەى كرد ، پاشان هەستا نوێژى كرد ، جا پرسيارى لێ كرا ، ئەويش فەرمووى : بينيم پێغەمبەرى خوا (ﷺ) واى كرد [رواه مسلم (٢٧٢/٢٢٧/١) والترمذي (٩٣/٦٣/١)] ، چونكە (جَرِيْر) پاش دابەزينى سورەتى (المائدة) موسوڵمان بوو ، كە لەو سورەتەدا ئايەتى دەست نوێژى دابەزى ، كە تێيدا فەرمان بە پێ شۆردن كرا ، كەوا بوو ئەو ئايەتە مەسح كردنى سەر (خُوْف) و گۆرەوى (نَسْخ) نەكردۆتەوە .

وە بۆ مەسح كردن لە سەر گۆرەوى و نەعل فەرموودەمان زۆر هەيە ، دەتوانى تەماشاى ناميلكەيەى (تَمَامُ النُّصْحِ فِي أَحْكَامُ المَسْحِ)ى (مُحَمَّد نَاصِر الدِّيْنِ الأَلْبَانِي)بكەى كە بە جوانى باسى مەسح كردن دەكات ، وە هەموو فەرمودەكان لەو بارەوە دێنێتەوە ، وە يەكێك لەو فەرموودانە فەرموودەكەى (المُغِيْرَةُ بنُ شُعْبَه) يە (خواى لێ رازى بێت) **(( أَنَّ رَسُوْلَ الله} (ﷺ) تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى الجَوْرَبَيْنِ وَالنَّعْلَيْنِ ))** واتە: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) دەست نوێژى گرت و مەسحى لە سەر گۆرەوى و نەعلەكانى كرد [رواه أبوداود (١٥٩/٢٦٩/١) والترمذي (٩٩/٦٧/١) وإبن ماجه (٥٥٩/١٨٥/١) وهوحديث صحيح بروانه الإرواء(١٠١) وصحيح أبي داود(١٤٧)].

(٧٦) لە بەر فەرموودەكەى (مُغَيْرَةُ بنُ شُعْبَة) (خواى لێ رازى بێت) كەوا فەرمووى: شەوێك لە سەفەرێكدا لە گەڵ پێغەمبەرى خوا دا بووم (ﷺ) جا پێى ووتم: **(( أَمَعَكَ مَاءٌ ؟ ))** واتە: ئايا ئاووت پێيە ؟ ووتم: بەڵێ . جا دابەزى لە ووشترەكەى _ بۆ دەست بە ئاو گەياندن _ وە ڕێى كرد تا لە بەر چاو ديار نەما لە تاريكايى شەودا ، پاشان هاتەوە جا لە كوونەكە ئاووم كردە سەر دەستيدا ، جا ڕوومەتى شۆرد و (جُبَّە)يەكى(صُوْف)ى

**بۆ ماوەى شەو و ڕۆژێك بۆ كەسێك لە ماڵدا بێت ، وە سێ شەو و سێ ڕۆژيش بۆ كەسێك لە سەفەردا بێت [٧٧]، وە ماوەكەى لەو كاتەوە دەست پێ دەكات كە يەكەم جار مەسحى لە سەر دەكات تا وەكو شكانى دواين دەست نوێژى كە پێش تەواو بوونى كاتەكە گرتبووبێتى [٧٨]، وە تەنها مەسحى بان پێى دەكات [٧٩]، وە بەتاڵيش دەبێتەوە بە تەواو بوونى ماوەى ديارى كراو ، وە بە لەش گرانى [٨٠] وە بە داكەندنى ئەو شتەى مەسحەكەى لە سەر كراوە[٨١].**

لە بەردا بوو ، نەيتوانى لە قۆڵەكانێوە دەستى دەر بكات ، تا لە ژێر (جُبَّە)كەوە هەردوو دەستى دەركرد ، جا هەردوو باڵى پێ شۆرد و مەسحى سەرى كرد ، پاشان داچەميم بۆ

ئەوەی (خُوْف)ەكانی داكەنم ، فەرمووی: (( **دَعْهُمَا ، فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ** )) واتـە: وازی لێ بێنە چونكە من هەردووكیم بە دەست نوێژە(طَهارة)ەوە لە پێ كردوە ، جا مەسحی لە سەر كرد . [رواه البخاري (٢٠٦/٣٠٩/١) ومسلم (٢٧٤/٢٣/١)].

(٧٧) لە بەر فەرموودەكـەی (عَلـي) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( **جَعَلَ رَسُولُ الله (ﷺ) ثَلاثَةَ أَيَّامٍ وَلَيَالِهِنَّ لِلمُسَافِرِ وَيَوْماً وَلَيْلَةً لِلمُقِيْمِ** )) واتـە: پێغەمبـەری خوا (ﷺ) سێ شەو و سێ ڕۆژی دانا بۆ یەكێك لە سەرفەر دا بێت ، وە شەو و ڕۆژێكیش بـۆ یەكێك لە ماڵدا بێت [رواه مسلم (٢٧٦/٢٣٢/١) والنسائي (٨٤/١)].

(٧٨) بڕوانە نامیلكەی (فَتَاوَى فِي المَسْحَ الخُفَّيْنِ)ی (مُحَمَّد بنُ صَالِحِ العثَيْمِيْن).

(٧٩) لە بەر فەرموودەكەی (عَلي) (خـوای لێ رازی بێت) كـەوا فـەرمووی: (( **لَوْ كَانَ الدِّيْنُ بِالرَّأْيِ لَكَانَ أَسْفَلُ الخُفِّ أَوْلَى بِالمَسْحِ مِنْ أَعْلاهُ ، لَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولُ الله (ﷺ) يَمْسَحُ عَلَى ظَاهِرِ خُفَيْهِ** )) واتە: ئەگـەر ئـایین بـە (رأْي) بوایـە ، ئـەوە دەبوایـە مەسـحی ژێری (خُوْف) پێشتر بوایە تا بـانی (خُـوْف) ، بـەڵام پێغەمبـەرم بینـی (ﷺ) مەسـحی بـانی خوفەكانی كرد [رواه ابو داود (١٦٢/٢٧٨/١) وهو حديث صحيح بروانە الإرواء (١٠٣)].

(٨٠) چونكە مەسح ماوەیەكی بۆ دیـاری كـراوە نابێـت لـەو ماوەیـە تێپـەڕ بكـات ، وە لەش گرانیش بەتاڵی دەكاتەوە ، لە بەر فەرموودەكەی (صَفْوَانُ بـنُ عَسَّال) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( **كَانَ رَسُولُ الله(ﷺ) يَأْمُرُنَا إِذَا كُنَّا سَفَرَاً أَلَّا نَنْزِعَ خِفَافَنَا ثَلاثَةَ أَيَّامٍ وَلَيَالِيْهِنَّ إِلَّا مِنْ جَنَابَةٍ ، لَكِنْ مِنْ غَائِطٍ وَبَوْلٍ وَنَوْمٍ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فـەرمانی پـێ دەكـردین ئەگـەر لـە سـەرفەردا ببوایـەین ، كـەوا سێشـەو و سـێ ڕۆژ (خُوْف)ەكانمان لە پێ دانەكەنین ، مەگەر بۆ لەش گرانی ، نەك بۆ میز و پیسی و خـەو [رواه الترمذي (٩٦/٦٥/١) والنسائي (٨٤/١)وهو حديث حسن بروانە الإرواء (١٠٤)].

(٨١) چونكە ئەگەر لە پێی داكەند ، پاشان كردێوە پێی ئەوە بـە (طَـاهِر)ی لـە پێـی نەكردوە .

## تێبینی:

ئەگەر كاتی مەسح كردنەكە تەواو بوو یان (خُوْف)ەكانی داكەند ، ئەوە ئـیتر دروسـت نییە مەسحی تری لە سەر بكرێت – ئەگەر دەسـت نوێـژی شـكا – مەگـەر دەسـت نوێـژێكی تازە بگرێتەوە ، لە گەڵ شۆردنی هەردوو پێیدا ، بەڵام ئەگەر دەست نوێژی بوو كاتێـك كـە (خُوْف)ەكەی داكەنـد ، یـان كاتەكـەی كۆتـایی پـێ هـات ، ئـەوە دەسـت نوێژەكـەی بـەتاڵ نابێتـەوە ، تـا ئـەو دەسـت نوێـژەی دەشـكێت ، وە دەتوانێـت تـا ئـەو دەسـت نوێژەیـشی دەشكێت هەر نوێژی پێوە بكات . بڕوانە [الوجيز من فقه السنة والكتاب العزيز (ل٤٣)].

# تەیەمموم (التَّيَمُّم)

## كەی تە یمموم دروستە ؟

ئـەوەی بـە دەسـت نوێـژ وخۆشـۆردن حـەلاڵ دەبێـت ، بـە تەیـەممومیش بـۆی حەلاڵ دەبێت (٨٢)

(٨٢) تەیەمموم جێگەی دەست نوێژ دەگرێتەوە بۆ كەسێك لەش گران نەبێت ، لە بەر فەرموودەكەی (عَائـشَة) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( **خَرَجْنَا مَعَ رَسُوْلِ الله (ﷺ) فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ حَتَّى إذَا كُنَّا بِالبَيْدَاءِ – أَوْ بِذَاتِ الجَيْشِ – إِنْقَطَعَ عِقْدٌ لِيْ ، فَأَقَامَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) عَلَى إِلْتِمَاسِهِ ، وَأَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ ، وَلَيْسُوْا عَلَى مَاءٍ ، فَأَتَى النَّاس إِلَى أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيْقِ فَقَالُوا: أَلاَ تَرَى مَا صَنَعَتْ عَائِشَةُ ؟ أَقَامَتْ بِرَسُوْلِ الله (ﷺ) وَالنَّاسِ ، وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ ، فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ وَرَسُوْلُ الله (ﷺ) وَاضِعٌ رَأْسَهُ عَلَى فَخْذِي قَدْ نَامَ ، فَقَالَ: حَبَسْتِ رَسُوْلَ الله (ﷺ) وَالنَّاسَ ، وَلَيْسُوْا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: فَعَاتَبَنِي أَبُوْ بَكْرٍ ، وَقَالَ مَا شَاءَ اللهُ أَنْ يَقُوْلَ ، وَجَعَلَ يَطْعَنُنِي بِيَدِهِ فِي خَاصِرَتِي ، فَلاَ يَمْنَعُنِي مِنَ التَّحَرُّكِ إِلاَّ مَكَانُ رَسُوْلِ الله (ﷺ) عَلَى فَخْذِي ، فَقَامَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) حِيْنَ أَصْبَحَ عَلَى غَيْرِ مَاءٍ ، فَأَنْزَلَ اللهُ آيَةَ التَّيَمُّمِ ، ﴿ .. فَتَيَمَّمُوا .. ﴾ فَقَالَ أُسَيْدُ بْنُ الحُضَيْرِ: مَا هِيَ بِأَوَّلِ بَرَكَتِكُمْ يَا آلَ أَبِي بَكْرٍ . قَالَتْ: فَبَعَثْنَا البَعِيْرَ الَّذِي كُنْتُ عَلَيْهِ ، فَأَصَبْنَا العِقْدَ تَحْتَهُ** )) واتـە: لـە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچووم لە هەندێك لـە سـەفەركانیدا تـا گەیـشتینە بیابـان _ یان (ذَاتُ الجَيْش) _ ملوانكەكم برِا و وون بوو ، جا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لەوێدا مایـەوە بۆ ئـەوەی بیدۆزێتـەوە ، وە خـەڵكیش مانـەوە لـە گەڵیـدا ، لـە سـەر ئـاویش نـەبوون ، جا

خەڵکی ڕۆیشتن بۆ لای (أَبُوبَكْر الصِّدِّيْق) ووتیـان: چاووت لێیـە (عَائـشَة) چـی کـرد ؟ بـووە هۆی مانەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وخەڵکیش ، نـە لـە سـەر ئاویـشن ، وە نـە ئاویـشیان پێیە ، جا (أَبُوبَكْر) هات و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) سـەری خـستبووە سـەر ڕانم و خـەوتو بوو ، جا ووتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خەڵکیتیش گیردا ، وە نە لـە سـەر ئـاوون ، وە نـە ئاویشیان پێیە ، (عَائشَة) فەرمووی: جا (أَبُوبَكْر) زۆر سەرزەنشتی کردم ، وە ئـەوەی خـوا ویستی لە سەر بێت پێی ووتم ، وە بە دەستی لـە قەبرغـە(خَاصـرَة)ی دەدام ، هـیچ وای لێ نەدەکردم نەجووڵێمەوە تەنها شوێنی پێغەمبەری خوا نەبێت (ﷺ) کە سەری لـە سـەر ڕانم دانابوو ، جا کە بەیانی بوویەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستا بە بێ ئاو ، جا خـوای گـەورە ئایـەتی تەیـەممومی دابەزانـد ، جـا هـەموویان تەیـەممومیان کـرد ، وە (أُسَـيْدُ بـنُ حُـضَيْر) دەیووت : ئەمە یەکەم بەرەکەتی ئێوە نییـە ئـەی کـەس وکـاری (آلَ أَبـي بَكْـر) ، (عَائـشَة) ووتی: کاتێك ئەو ووشترەمان هەڵساند کە من بە سەرێوە بـووم ، ملوانکەکـەمان لـە ژێریـدا دۆزیەوە [رواه البخاری (١/٤٣١/٣٣٤) ومسلم (١/٢٧٩/٣٦٧)].

وە هەروەها جێگەی خۆشـۆردن دەگرێتـەوە بـۆ کەسـێك لەشـی گـران بێـت ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (عُمْـرَانُ بـنُ حُـصَيْنِ الخُزَاعـي) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا فـەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینی پیاوێك دووری گرتـووە ونوێـژی لـە گـەڵ خەڵکیـدا نـەکرد ، جـا پێی فەرموو: (( **مَا مَنَعَكَ أَنْ تُصَلِّي** ؟ )) واتە: ئەی فلان کەس ، چی وای پێ کردیت کەوا لە گەڵ خەڵکیدا نوێـژ نەکـەیت ؟ ئـەویش ووتـی: تووشـی لـەش گرانـی بـووم و ئـاو نییـە . پێغەمبەری خوایش فەرمووی: (( **عَلَيْكَ بِالصَّعِيْدِ فَإِنَّهُ يَكْفِيْكَ** )) واتە: تەیەممومم بـە سـەر زەوی بکـە ، چـونکە ئـەوەت بەسـە . واتـە: جێگـەی ئـاووت بـۆ دەگرێتـەوە [رواه البخاری (٤/٤٧٧/٣٤٤) ومسلم (١/٤٧٤/٦٨٢)].

**بـۆ کەسـێك ئـاوی دەسـت نەکـەوێت [٨٣] ، یـان ترسـی ئـەوەی هـەبێت بـە بـە کارهێنانی ئاو زیانی لێ بکەوێت [٨٤].**

(٨٣) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة: ٦) ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبَـاً فَاطَّهَّرُوا وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيْدَاً طَيِّبَاً فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ مِنْهُ..﴾ واتە: وە ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لە سەر ئاوەوە هاتنەوە یان جـووت بـوون لـە گـەڵ

ئافرەتاندا و ئاووتان دەست نەکەوت – دەست نوێژ بگرن یان خۆتان بشۆرن – ئەوە تەیەمموم بکەن بە سەر زەویەکی پاك و مەسحی ڕوومەت و هەردوو دەستانی پێ بکەن وە لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) و (عُمْرَان) بڕوانە (پ ٨٢).

(٨٤) ترسی زیان لێ کەوتن ئەوەیە ترسی هەبێت نەخۆش بکەوێت ، یان نەخۆشیێکەی زیاتر بکات ، یان ترسی کوشتنی هەبێت ... لە بەر ئایەتەکەی پێشوو ، وە لە بەر ئەو فەرموودانەیشی کە لەو بارەوە هاتوون ، وەك فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ العَاص) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەوانەی کرد بۆ(غَزْوَة)ی (ذَاتُ السَّلاسِل) ، جا فەرمووی: لە شەوێکی زۆر سارد دا لەشم گران بوو ، جا ترسام کەوا ئەگەر خۆم بشۆم تیا بچم ، بۆیە تەیەممومم کرد ، پاشان نوێژی بەیانیم بە هاوەڵەکانم کرد ، جا کاتێك گەڕاینەوە ، بۆ پێغەمبەربان گێڕایەوە ، جا ئەویش فەرمووی (( **يَا عَمْرُو ، صَلَّيْتَ بِأَصْحَابِكَ وَأَنْتَ جُنُب** ؟ )) واتە: ئەی (عَمْرُو) بە لەش گرانیەوە نوێژت بە هاوەڵەکانت کرد ؟ منیش ووتم: ئەو فەموودەیەی خوای گەورەم یاد کەتەوە کە دەفەرمێ: ﴿ **وَلَاتَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيْمَاً** ﴾ واتە: خۆتان مەکوژن بە ڕاستی خوای گەورە زۆر بە بەزەییە بەرانبەر بە ئێوە . جا بۆیە تەیەممومم کرد ، پاشان نوێژم کرد ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی وهیچی نەفەرموو [رواه أبو داود (١/٥٣٠/٣٣٠) وأحمد (١٦/١٩١/٢) وغيرهما وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح ابی داود (٣٢٣)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر)یش (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: دەرچووین بۆ سەفەرێك جا پیاوێکمان بەردێك دای لە سەری ، سەری شکاند ، پاشان لەشی گران بوو ، جا پرسیاری لە هاوەڵەکانی کرد ووتی: ئایە هیچ ڕوخسەتێك دەبینن بۆ من کەوا تەیەمموم بکەم ؟ ئەوانیش ووتیان : هیچ ڕوخسەتێك نابینین تا تۆ توانات لە سەر ئاو هەبێت ، جا ئەویش خۆی شۆرد ومرد ، کاتێك کە گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی ئەوەیان پێ ڕاگەیاند ، ئەویش فەرمووی: (( **قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللهُ أَلاَ سَأَلُوا إِذَا لَمْ يَعْلَمُوا ، فَإِنَّمَا شِفَاءُ العَيِّ السُّؤَالُ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيْهِ أَنْ يَتَيَمَّم** )) واتە: کوشتیان ، خوا بیانکوژێت ، ئایە بۆ پرسیاریان نەکرد ،

## پایەکانی تەیەمموم ( أَرْكَانُ التَّيَمُّم )

نیـەت [٨٥] وهـەردوو دەسـت دان بـە سـەر زەویـەكی پاكـدا ومەسـح كردنـی ڕوومـەت وهـەردوو دەسـت [٨٦]، وە پێویـست(وَاجِب)ە بە نـاوی خـواوە دەست پـێ بكرێت هەر وەكو دەست نوێژ [٨٧]

## سوننەتەكانی تەیەممم

پێش خستنی دەستی ڕاست لە مەسح كردندا [٨٨] ، وە فوو كردن بە هـەردوو لەپدا پێش مەسح كردنی ڕوومەت [٨٩]

---

كاتێك كە نەیانزانی ، چونكە شیفای هەموو نەخۆشیەك پرسیار كردنـە ، تـەنها بەسـی بـوو تەیەممم بكات [رواه أبو داود (٣٣٦/٢٣٩/١) وله زيادة ولكن الحديث الى حيث ذكرنا حسن بشواهده بڕوانە تمام المنة للألبانی (ل ١٣١–١٣٥) وصحيح ابی داود (٣٢٦)].

(٨٥) لە بەر فەرموودەكەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٣١).

(٨٦) لە بەر فەمموودەی خوای گەورە كە لـە سـورەتی (المائدة: ٦) ﴿..فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيْداً طَيِّباً فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيْكُمْ مِنْهُ﴾ بڕوانە (پ ٨٣) .

وە لە بەر فەرموودەكەی (عَمَّارُ بنُ يَاسِر) (خـوای لێ ڕازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( أَجْنَبْتُ فَلَمْ أُصِبِ مَاءً ، فَتَمَعَّكْتُ فِيْ الصَّعِيْدِ وَصَلَّيْتُ ، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيْكَ هَكَذَا . وَضَرَبَ النَّبِيُّ (ﷺ) بِكَفَّيْهِ الأَرْضَ وَنَفَخَ فِيْهِمَا ، ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ وَكَفَّيْهِ )) واتە: لەشم گران بوو وئاووم دەست نەكەوت ، جا خـۆمم لـە ناوی خۆڵدا بلكاندەوە – تلاندەوە – ونوێژم كرد ، جا ئەمەم گێڕایەوە بۆ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ، ئەویش فەرمووی : تەنها ئەوەت بەس بوو كەوا بكەیت ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەردوو ناو دەستی – لەپی – بەزەویدا دا و فووی پێدا كرد ، پاشان مەسحی ڕوومـەت و هەردوو دەستی پێ كرد [رواه البخاری (٣٤٧/٤٥٥/١) ومسلم (٣٨٦/٢٨٠/١) وغيرهما].

***تێبینی:***

بنەڕەت(أَصْل) لە تەیەممم كردندا ئەوەیە كە لـە جێگـەی دەسـت نوێـژە ، جا هـەر شتێك بە دەست نوێژ حەڵاڵ ببێت ئەوە بە تەیەمومیش حەڵاڵ دەبێت ، وە دروسـتە پـێش هاتنی كاتی نوێش بكرێت ، هەر وەكو دەست نوێژ هیچ جیاوازیەك لە نێوانیان دا نییە ، وە هەروەها دروستیشە بە یەك تەیەممم چەند نوێژێك بكرێت ، ئیتر فەرز بێت یان سوننەت.

(٨٧) چونكە تەیەمموم لە جێگەی دەست نوێژ دایە ، كەوا بوو چۆن (بِسْمِ اللهِ)ی كردن بۆ دەست نوێژ پێویست(وَاجِب)ە ، هەروەها بۆ تەیەمموم كردنیش پێویست(وَاجِب)ە ، بڕوانە (پ٣٤) .

(٨٨) لە بەر فەرمودەكەی (عَائِشَة) (خوای لـێ ڕەزای بێـت) بڕوانە( پ٤٢) ، چونكە تەیەممومیش هەر ( طَهُور)ە .

(٨٩) لە بەر فەرمودەكەی (عَمَّارُ بنُ يَاسِر) (خوای لێ ڕەزای بێت) ، بڕوانە(پ٨٦) .

## ئەوانەی تەیەمموم بەتاڵ دەكەنەوە
## ( مُبْطِلاتُ التَّيَمُّم )

**ئەوانەی دەست نوێژ بەتاڵ دەكەنەوە تەیەممومیش بەتاڵ دەكاتەوە ، وە نەمانی هۆكانی تەیەمموم كردنیش[٩٠] .**

(٩٠) چونكە تەیەمموم لە جێگەی دەست نوێژە ، بۆیە هەر شتێك دەست نوێژ بەتاڵ بكاتەوە ، تەیەممومیش بەتاڵ دەكاتەوە . وە هەروەها هەر كاتێكیش ئەو هۆیانە نەما كە بە هۆیەوە تەیەمموم حەڵاڵ بووە ئەوە تەیەممومەكە بەتاڵ دەبێتەوە .

## حـەیـز و زەیـسـانی
## ( الحَيْضُ وَالنِّفَاس )

**لە شوێنی منداڵ بوونی ئافرەتەوە سێ جۆر خوێن دەردەچێت ، خوێنی حەیز[٩١] ، و خوێنی زەیسانی( پاش منداڵ بوون )[٩٢] ، و خوێنی نەخۆشی ئافرەتان( الإسْتِحَاضَة)[٩٣] .**

(٩١) ئەو خوێنەیە كە بە بێ هیچ نەخۆشی و هۆیەكی تر لە منداڵدانی ئافرەتی پێگەیشتوو(بَالِغ)ەوە دەردەچێت .

وە ئەم خوێنە بەردەوام دەبێت تا تەمەنی بێ ئومێدی ئافرەت لەمنداڵ بوون(سِنُّ اليَأْس) ، وە خوێنەكەشی لە پێشدا ڕەش و گەرمە و منداڵ دانی پـێ دەقرچێت ، لای كەمی ماوەی بەردەوام بوونی لە شەرعدا دیاری نەكراوە ، هەروەها لای زۆریشی هەر دیاری نەكراوە ، بەڵام زۆربەی ئافرەتان شەش ڕۆژ یان حەوت ڕۆژ تووشیان دەبێت ، لە بەر فەرمودەكەی ( حِمْنَـةُ بِنْـتُ جَحْش )( خـوای لـێ ڕەزای بێـت) كـەوا پێغەمبـەری خـوا

(ﷺ)پێی فەرموو (( **إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ ، فَتَحيَّضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةً فِي عِلْمِ اللهِ ، ثُمَّ اغْتَسِلِي ، حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَيْتِ ، فَصَلِّي أَرْبَعاً وَعِشْرِيْنَ لَيْلَةً أَوْ ثَلاثاً وَعِشْرِيْنَ وَأَيَّامهنَّ ، وَصُومِي ، فَإِنَّ ذَلِكَ يُجْزِيْكِ ، وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي فِي كُلِّ شَهْرٍ ، كَمَا تَحِيْضُ النِّسَاءُ وَكَمَا يَطْهُرْنَ لِمِيْقَاتِ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ ..** )) واتە: ئەمە پاڵێکە لە پاڵەکانی شەیتان ، جا شەش ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ بە حەیز دەژمێریت لە زانستی خوا دا ، پاشان خۆت بشۆ ، تا ئەگەر بینیت کەوا پاك وتەمیز بویتەوە ، ئەوە بیست وچوار شەو یان بیست وسێ شەو بە ڕۆژەکانیەوە نوێژ بکە و ڕۆژوو بگرە ، ئەوە ئیتر لە سەرت دەکەوێت ، وە هەروەها بەم شێوەیە بکە لە هەموو مانگێکدا ، وەکو ئافرەتان چۆن تووشی حەیز دەبن ، وە چی کاتیش پاك دەبنەوە ، بە کاتی حەیز و پاکێتی ئەوان .[رواه ابو داود(١/٤٧٥/٢٨٤) والترمذي(١/٨٣/١٢٨) إبن ماجة(١/٢٠٥/٦٢٧) بمعناه وهو حسن بروانه الإوراء ( ٢٠٥) ].

(٩٢) خوێنی زەیسانی خوێنی پاش مندالّ بوونە ، ئەم خوێنەش لای کەمی ماوەکەی دیاری نەکراوە ، ئافرەتی وا هەیە تەنها لە کاتی مندالّ بوونەکەدا خوێنی لێ دێت ، بەلاّم لای زۆری ماوەکەی لە چل(٤٠) ڕۆژ زیاتر تێپەڕ ناکات ، جا ئەگەر لەوە زیاتر ئافرەت خوێنی لێ هات ئەوە بە نەخۆشی (الإِسْتِحَاضَة) دەژمێرێت ، لە بەر فەرمودەکەی ( أُمِّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕەزای بێت) کەوا فەرمووی : (( **كَانَتِ النُّفَسَاءُ تَجْلِسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) أَرْبَعِيْنَ يَوْماً** )) واتە: ئەو ئافرەتەی لە زەیسانیدا بوایە لە سەردەمی پێغەبەری خوادا (ﷺ) چل ڕۆژ دادەنیشت [رواه ابو داود ( ١/ ٥٠١/٣٠٧) والترمذی ( ١/٩٢/١٣٩ ) وابن ماجة (١/٢١٣/٦٤٨) وهو حديث حسن صحيح بروانه صحيح ابن ماجة (٥٣٠)].

(٩٣) ئەو خوێنەیە کەوا لە کاتێکی تردا جگە لە حەیز و زەیسانی بە هۆی نەخۆشییەوە توشی ئافرەت دەبێت ، یان جاری واهەیە بە دەمی حەیز و زەیسانی یەوە توشی دەبێت ، جا ئەگەر بە دەمی حەیزەوە نەبوو ئەوە دیارە ، بەلاّم ئەگەر بە دەمی حەیزەوە بوو ئەوە **سێ حاڵەتی هەیە** :-

.....................................

**یەکەم** : ئەوەیە ماوەی حەیزەکە لای ئافرەتەکە زانراو بێت پێش ئەوەی توشی نەخۆشی (إِسْتِحَاضَة) ببێت ، لەم حاڵەتەدا ، ئەو ماوە زانراوە بە ماوەی حەیز بۆی دادەنرێت ، وە جگە لەوەیش بە نەخۆشی دەژمێرێت ، لە بەر فەرمودەکەی (أُمِّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕەزای بێت) کەوا پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لە بارەی ئافرەتێکەوە ،

خوێنێكی زۆر لە گیانی دێت ، ئەویش فەرمووی: (( **لِتَنْظُرْ عِدَّةَ اللَّيَالِي وَالأَيَّامِ الَّتِي كَانَتْ تَحِيْضُهُنَّ مِنَ الشَّهْرِ قَبْلَ أَنْ يُصِيْبَهَا الَّذِي أَصَابَهَا فَلْتَتْرُكِ الصَّلاةَ قَدْرَ ذَلِكَ مِنَ الشَّهْرِ ، فَإِذَا خَلَّفَتْ ذَلِكَ فَلْتَغْتَسِلْ ، ثُمَّ لِتَسْتَثْفِرْ بِثَوْبٍ ، ثُمَّ لِتُصَلِّ** )) واتە: با تەماشا بكات ، بەماوەی ئەو شەو و ڕۆژانەی كەلە پێش دا تێیدا تووشی حەیز دەهات لەمانگێك دا ،پێش ئەوەی تووشی ئەوە ببێت كە تووشی بوو ، جا – لەوماوەیەدا – واز لە نوێژ بێنێت ، جا ئەگەر ئەوە نەما باخۆی بشوات و خۆی باش پاك بكاتەوە پاشان نوێژ بكات [رواه أبو داود(١/رقم/٢٧٤) إبن ماجة(١/رقم/٦٢٣) بمعناه و بقية الخمسة الا الترمذي وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود(٢٦٤–٢٦٨) وصحيح إبن ماجة(٥٠٦)] .

وەلەبەر فەرمودەكەی ( أُمُّ حَبِيْبَةَ بِنْتُ جَحْش) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا پێی فەرموو (( **أمْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ، ثُمَّ إغْتَسِلِي وَصَلِّي** )) واتە: بمێنەوە بە ئەندازەی ئەوە كە لە كاتی حەیز دا دەمایتەوە ، پاشان خۆت بشۆ و نوێژ بكە [رواه مسلم (١/٢٦٤/٣٣٤) ].

**دووەم** : ئەوەیە كە بەردەوام خوێنی لێ بێت وە لە پێشیشدا ڕۆژانێكی زانراوی نەبووە ، یان لە یادی نەماوە ، وە یان هەر بە نەخۆشیەوە (بَالِغ) بووە ، وە خوێنی حەیزو نەخۆشی جیا ناكاتەوە لە یەك ، لەم حاڵەتەدا حەیزەكەی شەش ڕۆژ یان حەوت ڕۆژی بۆ دادەنرێت لە مانگەكەدا وەكو عادەتی زۆر بەی ئافرەتانە ، وە ڕۆژانی تریشی هەموو بە نەخۆشی بۆ دادەنرێت ، لە بەر فەرموودەكەی (حِمْنَةُ بِنْتُ جَحْش) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: تووشی نەخۆشی (إسْتِحَاضَة) هاتم زۆر بە توندی ، جا چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لێ بكەم وئاگاداری بكەمەوە ، جا لە ماڵی (زَيْنَبُ بِنْتُ جَحْش)ی خوشكمدا بینیمەوە و پێم ووت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من تووشی نەخۆشیەكی زۆر توند بووم ، جا تۆ چی دەفەرموویت ، وە قەدەغەیشی كردووم لە نوێژ كردن و ڕۆژوو گرتن ؟ جا ئەوەیش فەرمووی : (( **أَنْعَتُ لَكِ الكُرْسُفَ ، فَإِنَّهُ يُذْهِبُ الدَّمَ** )) واتە: پارچە پەموویەك هەڵبگرە ، ئەوە خوێنەكە نایەڵێت ، ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا زۆر لەوە زۆرترە ، ئەویش فەرمووی : (( **فَاتَّخِذِي ثَوْبَاً** )) واتە: جا هەڵیبەسە ، ووتم : ئەو ڕێ دەكات ڕێ ، جا فەرمووی: (( **سَآمُرُكِ بِأَمْرَيْنِ أَيُّهُمَا فَعَلْتِ أَجْزَى عَنْكِ مِنَ الآخَرِ ، فَإِنْ قَوِيْتِ عَلَيْهِمَا فَأَنْتِ أَعْلَمُ قَالَ لَهَا: إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ ، فَتَحَيَّضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةَ**

أَيَّام فِي عِلْم الله تَعَالَى ذِكْرُهُ ، ثُمَّ إِغْتَسِلِي ، حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَأْتِ فَصَلِّي ثَلاثاً وَعِشْرِيْنَ لَيْلَةً أَوْ أَرْبَعاً وَعِشْرِيْنَ لَيْلَةً وَأَيَّامهَا وَصُوْمِي فَإِنَّ ذَلكَ يُجْزِئُك ، وَكَذَلكَ فَافْعَلِي كُلَّ شَهْر كَمَا يَحِضْنَ [تَحِيْضُ]النِّسَاءُ وَكَمَا يَطْهُرْنَ مِيْقَاتَ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ ، فَإِنْ قَوَيْتِ عَلَى أَن تُؤَخِّرِي الظُّهْرَ وَتُعَجِّلِي العَصْرَ فَتَغْتَسِل [فَتَغْسَلِيْنَ] وَتَجْمَعِيْنَ بَيْنَ الصَّلاتَيْنِ الظُّهْرَ وَالعَصْرَ وَتُؤَخِّرِيْنَ المَغْرِبَ وَتُعَجِّلِيْنَ العِشَاءَ ثُمَّ تَغْتَسِلِيْنَ وَتَجْمَعِيْنَ بَيْنَ الصَّلاتَيْنِ فَافْعَلِي وَتَغْسِلِيْن مَعَ الفَجْرِ فَافْعَلِي وَصُومِي إِنْ قَدَرْتِ عَلَى ذَلكَ . قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): وَهَذَا أَعْجَبُ الأَمْرَيْنِ إِلَيَّ )) واتە:فەرمانت پێ دەكەم بە دوو شت ، هەر كامیان بكەیت ، ئەوە ئەوی ترت لە سەر دەكەوێت ، جا ئەگەر توانای هەردووكیانت بوو ئەوە خۆت دەزانیت جا پێی فەرمووم : ئەمە پاڵێكە لە پاڵەكانی شەیتان ، جا شەش ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ بە حەیز دەژمێریت لە زانستی خوا دا ، پاشان خۆت بشۆ ، تا ئەگەر بینیت كەوا پاك وتەمیز بویتەوە ، ئەوە بیست وچوار شەو یان بیست وسێ شەو بە ڕۆژەكانیەوە نوێژ بكە و ڕۆژوو بگرە ،

# ئەوەی لەكاتی حەیزو زەیسانیدا حەرامە

## ( مَايَحْرُمُ بِالحَيْضِ وَالنِّفَاس )

### نوێژ كردن و ڕۆژوو گرتن [٩٤]

ئەوە ئیتر لە سەرت دەكەوێت ، وە هەروەها بەم شێوەیە بكە لە هەموو مانگێكدا ، وەكو ئافرەتان چۆن تووشی حەیز دەبن ، وە چی كاتیش پاك دەبنەوە ، بە كاتی حەیز و پاكێتی ئەوان ، وە ئەگەر هێز وتوانات هەبێت لە سەر ئەوەی نوێژی نیوەڕۆ دوا بخەیت ونوێژی عەسریش پێش بخەیت وخۆت بشۆیت ، پاشان نوێژی نیوەڕۆ و عەسر پێكەوە بكەیت ، پاشان مەغریب دوا بخەیت و عیشایش پێش بخەیت و خۆت بشۆیت ، پاشان هەردوو نوێژەكە پێكەوە بكەیت ، ئەوە بیكە و خۆتیش لە گەڵ نوێژی بەیانیدا بشۆریت ونوێژ بكەیت ، ئەوە وا بكە و نوێژ بكە و ڕۆژوویش بگرە ئەگەر توانات لە سەری هەبوو ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: وە ئەمەی دواییانم پێ خۆشترە [رواه أبوداود (١/٤٧٥/٢٨٧) والترمذي (١/٨٣/١٢٨) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه الإرواء (٢٠٥)].

**سێیەم** : ئەوەیە کە هەر عادەتی نەبوویێت ، بەڵام توانای هەیە خوێنی حەیز لە نەخۆشی جیا بکاتەوە ، لەم حاڵەتەدا کار بە جیا کردنەوەکەی خۆی دەکات ، لە بەر فەرموودەکەی (فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْش) (خوای لێ رازی بێت): کەوا تووشی نەخۆشی (إِسْتِحَاضَة) هات ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (( **إِذَا كَانَ دَمُ الحَيْضِ فَإِنَّهُ دَمٌ أَسْوَدٌ يُعْرَفُ ، فَإِذَا كَانَ ذَلِكَ فَأَمْسِكِي عَنِ الصَّلاةِ ، فَإِذَا كَانَ الآخَرُ فَتَوَضَّئِي وَصَلِّي** )) واتە: ئەگەر خوێنی حەیز بێت ئەوە ڕەشە دەناسرێت ، جا ئەگەر وا بوو ، ئەوە واز بێنە لە نوێژ کردن ، بەڵام ئەگەر ئەوی تریان بوو ئەوە دەست نوێژ بگرە و نوێژ بکە... [رواه أبوداود (١/٤٧٠/٢٨٣) والنسائي (١/١٨٥) وهو صحيح بروانە الإرواء (٢٠٤)].

(٩٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْدُ الخُدْرِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی جەژنی قوربان یان ڕەمەزاندا دەرچوو بۆ شوێنی نوێژ(مُصَلَّى) ، جا دای بە لای کۆمەڵێ لە ئافرەتاندا وپێی فەرموون: (( **يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ ، فَإِنِّي أُرِيْتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ** )) واتە: ئەی کۆمەڵی ئافرەتان خێر و بەخشین زۆر بکەن ، بە من پیشاندرا لە شەوی(مِعْرَاج)دا کەوا ئێوە زۆربەی خەڵکی دۆزەخن . ئەوانیش ووتیان: لە بەر چی ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی: (( **تَكْثُرْنَ اللَّعْنَ وَتَكْفُرْنَ العَشِيْرَ مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِيْنٍ أَذْهَبُ لِلُبِّ الرَّجُلِ الحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ** )) واتە: چونکە نەفرەت زۆر دەکەن و کوفری ژیانیش دەکەن ، نەم دیوە کەسێك وەکو ئێوەی نوقصانی عەقڵ و دین کەوا مێشکی پیاوی ژیری زیرەك لە شوێنی خۆیدا نەهێڵن . ووتیان : ئەی نوقصانی عەقڵ و دینمان چییە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی :

**وسووڕ خواردنەوە بە دەوری(كَعْبَه)دا**[٩٥] ، **وجووت بوون لە گەڵ پیاودا**[٩٦] ، **وە دەبێت ڕۆژووەکە بە قەزا بداتەوە بەڵام نوێژەکە ناداتەوە**[٩٧] ،

(( **أَلَيْسَ شَهَادَةُ المَرْأَةِ نِصْفُ شَهَادَةِ الرَّجُلِ** )) واتە: ئایا شایەتی دانی ئافرەت نیوەی شایەتی دانی پیاو نییە ؟ ووتیان : بەڵێ ، فەرموی: (( **فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ عَقْلِهَا** )) واتە: دەی ئەوە نوقصانی عەقڵێتی ، (( **أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ** )) واتە: ئەی باشە ئەگەر ئافرەت بکەوێتە حەیزەوە واز لە نوێژ کردن وڕۆژوو گرتن ناهێنێت ؟ ووتیان: بەڵێ ، فەرمووی: (( **فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ دِيْنِهَا** )) واتە: ئەویش نوقصانی دینێتی [رواه البخاري (١/٤٠٥/٣٠٤)].

(٩٥) لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **الطَّوَافُ بِالبَيْتِ صَلاةٌ ، إلاَّ أَنَّ اللهَ أَحَلَّ فِيْهِ الكَلامُ** )) واتە: سووڕ خواردنەوە بە دەوری ماڵ – ی کەعبە– دا نوێژە ، بەڵام خوای گەورە قسە کردنی تێدا حەڵاڵ کردوە [رواه الترمذی (٢/٢١٧/٩٦٧) والحاكم (١/٤٩٥) وصححه ، وهو كذلك بروانە صحيح الجامع (٣٩٥٤)].

(٩٦) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ٢٢٢)دا ﴿ **وَيَسْئَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيْضِ قُلْ هُوَ أَذىً فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيْضِ وَلَاتَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللهُ** ﴾.. واتە: پرسیارت لێ دەکەن _ ئەی پێغەمبەر _ لە بارەی حەیزەوە ، تۆیش بڵێ: ئەوە زیانی هەیە ، جا دوورکەونەوە لە – جیماع کردنی – ئافرەتان لە کاتی حەیزدا تا پاك دەبنەوە ، جا ئەگەر شۆردیان ئەوە بچنە لایانەوە – جیماعیان لە گەڵ بکەن – لەو شوێنەوە کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە .

وە هەروەها لە بەر فەرموودەکەی (أنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إلاَّ النِّكَاح** )) واتە: هەموو شتێکیان لە گەڵدا بکەن تەنها جیماع کردن نەبێت [رواه مسلم (١/٢٤٦/٣٠٢)].

(٩٧) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا (مُعَاذَة) پرسیاری لێ کرد: ئایا بۆ ئافرەت پاش پاك بوونەوەی لە حەیز ڕۆژوو بە قەزا دەداتەوە بەڵام نوێژ بە قەزا ناداتەوە ؟ ئەویش فەرمووی: ئایا تۆ (حَرُورِيَه)یت ؟ جا (مُعَاذَة)یش ووتی: نەء ، من (حَرُورِيَه) نیم ، بەڵام تەنها پرسیار دەکەم ، (عَائِشَه)یش فەرمووی: (( **كَانَ يُصِيْبُنَا ذَلِكَ فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ ولاَ نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ** )) واتە: ئێمە ئەوەمان تووش دەبوو لە کاتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) جا فەرمانی پێ دەکردین قەزا کردنەوەی ڕۆژوو ، بەڵام فەرمانی پێ نەدەکریت قەزا کردنەوەی نوێژ [رواه البخاری (١/٤٢١/٣٢١) ومسلم (١/٢٦٥/٣٣٥)] .

(حرورية): کۆمەڵی (خَوَارِج)ی گومڕابوو بوون ، لە سەردەمی ئیمامی (عَلِي)دا لە فەرمانی (خَلِيْفَه) دەرچوون ، لە بەر هەندێك بەڵگەی عەقڵی ، جا یەکەم کۆبوونەوەیان لە (حَرُورَاء) کرد نزیکی (كُوفَه) ، فەرموودەی زۆرمان هەیە لە بارەیانەوە ، کە لە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) دێن و لە ئایینی ئیسلام دەردەچن ، وە بە سەگی دۆزەخیش ناویان دەبات ، جا یەکێك لە قەسکانیان دەیانووت دەبێت ئافرەت ئەگەر کەوتەوە حەیزەوە ، هەروەك چۆن ڕۆژوو بە قەزا دەداتەوە ، نوێژیش بە قەزا بداتەوە .

وە ئـەوەی بـە هـۆی حـەیزو زەیـسانی حـەرام ببێـت ، لـە كـاتیخوێنی نەخۆشـی (إِسْتِحَاضَة) حەڵاڵـە[98] ، بـەڵام بـۆ هـەموو نوێـژێك پێویـست(وَاجِب)ە دەست نوێـژ بگرێتەوە[99].

(98) چونكه له شەرعدا نەخۆشی (إِسْتِحَاضَة) حوكمی پاكێتی( طَهَـارَة)ی هەیـە.. لـه نوێژ كردن و ڕۆژوو گرتن و جیماعی كردن و (طَوَاف) كردن .. .

(99) لـە بـەر فەرموودەكـەی (فَاطِمَـةُ بِنْـتُ أَبِـي حُبَـيْش) (خـوای لێ ڕازی بێـت) كـەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پـێی فەرمووی: (( .. وَتَوَضَّئِي لِكُلِّ صَلاَةٍ )) واتـە: ... پاشـان بـۆ هەموو نوێژێك دەست نوێژ بگرە [رواه أبوداود (١/٤٩٠/١٩٥) وإبن ماجة وهـو حـديث صـحيح بروانـه صحيح إبن ماجة (٥٠٧) ] مەبەست له هـەموو نوێـژێك ئەوەیـە بـۆ كـاتی هـەموو نوێـژێكی فـەرز دەست نوێژێك بگرێت ئیتر نوێژە فەرزەكە و سوننەتەكانیشی پێوە بكات ، (وَاللهُ أَعْلَم).

## تێبینی:

ئیمامی (النَّوَوِي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ، دەفەرمێ: هـەر كەسـێك بـاوەڕی وابێـت جوت بوون له گەڵ ئافرەتەكەیدا حەڵاڵه كاتێك له حەیزدا بێت ، ئـەوە پـێی كـافر دەبێـت ، وە ئەگەر یەكێك ئەو كارە بكات ، بەڵام بیروباوەڕی وا نەبێت كە حەڵاڵە ، ئـەوە ئـەو كەسـە ئەگەر له بیری چوو بێت یان نەزانێت ئافرەتەكـەی لـە حـەیزدایـە یـان نـەزانێت حەرامـە یـان مەكروهە ئەوە تـاوان بـار نابێـت و كەففارەتیـشی لـە سـەر نییـە ، بـەڵام ئەگـەر بـە قەسـت وزانیینەوە ئەو كارە بكات بـە بـێ هـیچ زۆر لێ كردنێـك ، ئـەوە تـاوانێكی گـەورەی كـردووە (شَافِعِي) فەرموویەتی: تـاوانی گەورەیـە و پێویستە لێـی پەشـیمان ببێتـەوە و تەوبـەی لێ بكات . وە له بارەی پێویست(وَاجِب)بوونی كەففارەت له سەری دوو ڕا هەیە ... [بروانـه شـرح صحيح مسلم (٣/٢٠٤)].

***دەڵێم***: بەڵام ئەوەی ڕاستە كەففارەتی له سەر پێویستە ، له بەر فەموودەكـەی (إِبْنُ عَبَّـاس) (خوایـان لێ ڕازی بێـت) كـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە بـارەی ئـەو پیـاوەوە كـە جیماعی لە گەڵ ئافرەتەكەیدا كرد كە لـە حـەیزدا ، پـێی فـەرمووی: (( **يَتَصَدَّقُ بِدِيْنَارٍ أَوْ نِصْفِ دِيْنَارٍ** )) واتە: با دینارێك یان نیو دینار ببەخـشێت [رواه أبـو داود (١/٤٤٥/٢٦١) والنـسائی (١/١٥٣) وإبـن ماجـة (١/٢١٠/٦٤٠) وهـو حـديث صـحيح بروانـه الإرواء(١٩٧) و صـحيح إبـن ماجـه (٥٢٣)].

(إِبْنُ عَبَّاس) دەفەرموێ: جا ئەگەر لـە سـەرەتاكانی حەیزەكـەوە جیمـاعی لـە گەڵـدا كرد ،

ئەوە یەك دینار دەبەخشێت ، وە ئەگەر لە كۆتایەكانیدا بوو ، ئەوە نیـو دینـار دەبەخـشێت [رواه مسلم (١/٢٦٤/٣٣٤)] .

وە ئەو دینارەی ئەو سەردەمەیشە (٢٥،٤) غرام ئاڵتوونی تێزابی ئێستایە.

**( الحَمْدُ لِلَّهِ ) بەشی پاك كردنەوە كۆتایی پێ هات و ئێستایش دەچینە سەر بەشی نوێژ.**